# چاپکراوی نوێ

(ڕێبەری ئەندازیاری سەرپەرشتیاری بۆ پرۆژە ئەندازیارییەکان ) بەیەکێك لە بەرهەمە گرنگ و نایابەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و دەتوانرێت وەکو سەرچاوەیەکی ئەندازیاری گرنگ سوودی لێوەربگیرێت، هەربۆیە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردنە ڕێبەرەکە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە حەوت دەروازەی سەرەکی و کۆمەڵێك ڕێنمایی پێکهاتووەو ڕێنمایی و زانیاری زۆر بەسوودی تێدایە، ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە پرۆژەکان بەباشترین کوالێتی جێبەجێ بکرێت و تاوەکو هەموو قۆناغەکانی پلاندانان و نەخشەکێشان و جێبەجێ کردن و سەرپەرشتیکردن و وەرگرتن و چاککردنەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و تەندروست بەڕێوەبچێت. ئەمە وێڕای ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پابەندی تەواویی ناوەڕۆکی دەروازەکانی ڕێبەرەکە نەبووە چونکە لەهەر شوێنێکدا ڕێنمایی و راسپاردەکانی وەزارەتی پلاندانان و دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکتربڕ بکات ئەوا کار بە ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت و لەرێبەرەکەدا ڕەچاوی ئەم خاڵە کراوە، دەستخۆشی لەم بەرهەمەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دەکەین.



# چاپکراوی نوێ

چۆن گەشە بەتۆڕی ڕێگاوبانی هەرێم بدەین ؟


EVALUATION OF LOCAL ASPHALT PRODUCTION AND PERFORMANCE GRADE

FOR KURDISTAN REGOIN-IRAQ

دوو کتێبی نایابی ئەندازیار ئاگرین عەبدوڵا عەزیز بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنە، کتێبی یەکەمیان کە (١٠٤ ) لاپەرە لەخۆدەگرێت و چەندین زانیاریی ووردی تایبەت بە ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستانی تێدایە ئامانجی ئەم کتێبە پێشکەشکردنی چەند پێشنیاری و تێبینییەك و پرۆپۆزەڵێکە بۆ چارەسەرکردنی خراپی ڕێگاوبانەکان لەرووی ( کۆنی و کەمی و جۆرو ئاست نزمی ) یە، ئەم دوو کتێبە چەندین ئامارو داتاو زانیاری ووردی لەخۆگرتووە کە پاڵپشتی ئەو بۆچوونە دەکات و ئامارەکان پیشانیانداوە کەوا زۆربەی ڕێگاوبانەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەی فراوان کردن و دامەزراندنی ڕێڕەوی نوێی دوو ساید هەیە.

سەبارەت بەکتێبی دووەمیش کە تایبەتە بە کتێبی (Evaluation of local asphalt production and PG) بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەندازیاریی لەسەر هەڵسەنگاندنی قیری شل کە لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت. لە لێکۆڵینەوەیەکەدا نووسەر پشتی بستووە بە تازەترین تەکنەلۆجیای سەردەم ئەویش تەکنەلۆجیای سوپەرپەیڤ و پی جییە، ئەم تەکنیکە لە ئێستادا بە یەکێک لە باشترین و پێشکەوتووترین دادەنرێت لە جیهاندا و ڕێکخراوی (AASHTO) ڕەوش و مواسەفاتی بۆ داناوە. لێکۆڵینەوەکە ٣ قیری شلی بەرهەمهێنراوی لە ٣ پاڵاوتگە هەڵبژاردووەو هەلسەنگاندنی بۆ کردووە لە ڕێگای ئەنجامدانی سەدان پشکنین لە تاقیگەی کەرەستەی بیناسازی، دەرئەجام پێشنیاری بەکارهێنانی پۆلیمەری کردووە بۆ باشکردنی ڕەوشی قیرتاوکردنی ڕێگاوبان لە هەرێمی کوردستان، ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتی پشتی پێ دەبەسترێت لە هەلبژاردنی جۆری قیر لە پرۆژەکانی ڕێگاوبان، دەستخۆشی لەنووسەر ئاگرین عەبدوڵا عەزیز دەکەین بە هیوای بەرهەمی زیاتر .



# چاپکراوی نوێ

من و کەرکووک - یادەوەری و لێڕامان کتێبێکی هەرمن ئەحمەدە کە لەلایەن دەزگای میدیایی ( باس) چاپکراوەو لەدووتوێی ( ٣٣٦ لاپەرەدا کەوتە بەردەستی خوێنەران، ئەم کتێبە باس لەحیکایەتی نووسەرو کەرکووک دەکات و هەندێك لێڕامانی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجی و تافی کامڵبوونی نووسەرو کەرکووک دەگێڕێتەوە، نووسەری کتێبەکە سەرەتای حیـــکایەتەکە لـــــەزاری کیژۆڵەیەکەوە دەســــــــتپێدەکات و رووداوەکان لەگەڵ تەمەنی ئەودا دەڕۆن و بەکارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ کۆتایی دێ. بیرۆکەی نووسینەوەی یادەوەرییەکانی ( من و کەرکووک ) ئاکامی ئەو نەهامەتی و تراژیدیانەیە کە تا ئێستا بەرۆکی کەرکووك بەرنادات لەگەڵ ئەوەی هەزاران شەهیدو ماڵوێرانی و قوربانیی گەورەی بۆ درا لە شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کورد بۆ ئەم شارە .

دەستخۆشی لەخانمە نووسەر هەرمن ئەحمەد دەکەین بەهیوای بەرهەمی زیاتر.





# سەردانێکی گرنگ

## لە بارودۆخێکی سیاسیی هەستیار و ئاڵۆزی عێراقدا



پرۆسەی سیاسیی عێراق لە سەروبەندی وەرچەرخانێکی گەورەدایە، خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق، لە هەندێك رووەوە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٦٨ی فەرەنسا دەچێت، راستە خۆپیشاندەران لە فەرەنسا نەیانتوانی شارل دیگۆل لە دەسەڵات بڕووخێنن، بەڵام ئەو خۆپیشاندانانە دیگۆلی ناچار کرد، فەرەنسایەکی تازە لەدایك بێت، پێ دەچێت خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقیش نەتوانن دەوڵەتە قووڵەکەی عێراق (سیستمی ویلایەتی فەقیهی) بڕووخێنن، بەڵام گوشارێکی ئەوەندە گەورە لەسەر ئەم دەسەڵاتە دروست بووە، کە ناچار دەبێت گۆڕانکاریی زۆر گەورە لە سیستمی

حوکمڕانیی عێراقدا ئەنجام بدات، لەمەش زیاتر دەبێت مل بۆ داوای خۆپیشاندەران کەچ بکات بە گۆڕینی دەستووری عێراقیشەوە.

لەناو ئەم گێژاوی پاشاگەردانییەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی دیپلۆماتییەکی چالاك و نەرمدا هەوڵی زۆر گرنگ و گەورەی داوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە پڕیشکی ئەم پاشاگەردانییەی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق بەدوور بێت، بۆ ئەمەش پێش ئەوەی سەردانی بەغدا بکات، لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکی گرنگی هەڵگرت، لەوانە:

١. کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت، ئەمەش بەو مانایەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە وەك یەك تیم مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکەن و هەموو تواناکان یەك بخرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بە جوانترین شێوە ئیدارەی ئەم تەنگژەیە بدرێت.

٢. کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی هەموو حزب و لایەنە بەشدارەکان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا (بە وانەی کە بەشدارن لە حکومەت و ئەوانەشی لە ئۆپۆزسیۆنن)، ئەمەش ئەوەی پیشانی هەموو لایەك دا، کە لە پرسە چارەنووسسازەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و عێراق و ئایندەی هەرێمی کوردستان، حزبە سیاسییەکان بە وانەی لە حکومەت بەشدارن و بەوانەشی ئۆپۆزسیونن یەك چادر کۆیان دەکاتەوە، ئەویش چادری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانە.

٣. بە چاودێری و سەرپەرشتیی راستەوخۆی نێچیرڤان بارزانی هەوڵێکی گەورە دراوە بۆ ئەوەی نوێنەرانی کوردستان لە بەغدا لە چوارچێوەی یەك هاوپەیمانی بە ناوی هاوپەیمانیی فراکسیۆنی کوردستانی کۆببنەوە و پێکەوە بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بکەن.

ئەم هەنگاوانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خۆئامادەکردنێکی تەواوی هەرێمی کوردستان بووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە پێشبینی دەکرێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بێتە ئاراوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی شاندێکی فراوان سەردانی بەغدای پایتەختی کرد و جیا لەوەی لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتی (کۆمار، حکومەت، پەرلەمان) کۆبووەوە، لەگەڵ سەرۆکی ئەو هاوپەیمانییە سیاسییانەش کۆبووەوە کە بەشداریی کاریگەریان لە حکومەت و کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە.

ئامانجی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم سەردانەی بۆ بەغدا گەیاندنی چەند پەیامێك بوو، لەوانە:

١. هەرێمی کوردستان وەك حکومەت و گەلی کوردستان ئامادەیە هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق.

٢. هەرێمی کوردستان هاریکار دەبێت لەگەڵ تەواوی دامەزراوەکانی حوکمڕانیی دەوڵەت (کۆمار، حکومەت، پەرلەمان) لە عێراقدا، بۆ ئەوەی وەڵامی خواست و داواکاریی هاووڵاتیان بدرێتەوە و چاکسازیی ریشەیی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ئەنجام بدرێت و خۆپیشاندەران رازی بکرێن.

٣. سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥، پەیامی گەلی کوردستانی بە هەرسێ سەرۆکایەتی (کۆمار و پەرلەمان و حکومەت)، هەروەها سەرۆکی هاوپەیمانییە بەشدارەکان لە پرۆسەی حوکمڕانیی عێراق راگەیاند و راشکاوانە پێی گوتن، دەستوور لەناو ژینگەی پاشاگەردانیدا هەموار ناکرێت و پێویستی بە ژینگەیەکی ئارام و میکانیزمی دەستووری هەیە، کە لە خودی دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێ کراوە، ئەمەش راشکاوانە ئەو پەیامەی گەیاند کە بەپێی میکانیزمی دەستووری بۆ هەمواركردنی دەستوور، تەنیا گەلی کوردستان ئەو مافەی هەیە دەستکاری ئەو مافە دەستوورییانەی گەلی کوردستان بکات کە لە دەستووری عێراقدا هاتوون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا دەنگی بەو هەموارکردنە نەدا،

**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی دیپلۆماتییەکی چالاك و نەرمدا هەوڵی زۆر گرنگ و گەورەی داوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە پڕیشکی ئەم پاشاگەردانییەی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق بەدوور بێت**

**بە چاودێری و سەرپەرشتیی راستەوخۆی نێچیرڤان بارزانی هەوڵێکی گەورە دراوە بۆ ئەوەی نوێنەرانی کوردستان لە بەغدا لە چوارچێوەی یەك هاوپەیمانی بە ناوی هاوپەیمانیی فراکسیۆنی کوردستانی کۆببنەوە و پێکەوە بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بکەن**

**هەرێمی کوردستان هاریکار دەبێت لەگەڵ تەواوی دامەزراوەکانی حوکمڕانیی دەوڵەت (کۆمار، حکومەت، پەرلەمان) لە عێراقدا، بۆ ئەوەی وەڵامی خواست و داواکاریی هاووڵاتیان بدرێتەوە و چاکسازیی ریشەیی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ئەنجام بدرێت و خۆپیشاندەران رازی بکرێن**

ئـەوا دەسـتوورەکە هەمـوار ناکرێتـەوە، لەمـەش زیاتـر سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان پێـش سەردانەکەشـی بـۆ بەغـدا، رایگەیاندبـوو، کـە کێشـەکانی عێـراق دەسـتوور نییـە، بەڵکـو ریشـەی کێشـەکانی عێـراق ئەوەیـە کـە ئـەو دەسـتوورە فەرامـۆش کـراوە و جێبەجـێ نەکـراوە.

لێـرەوە ئەگـەر سـەبارەت بـە گرنگیـی ئـەم سـەردانە بـۆ کـۆی پرۆسـەی سیاسـی و حوکمڕانیـی عێـراق قسـەیەك بکەیـن، ئـەوا زۆر راشـکاوانە دەتوانیـن بڵێیـن: کـۆی پرۆسـەی سیاسـی و حوکمڕانـی لـە عێراقدا پێویسـتیان بـەو سـەردانەی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـوو، لەبـەر ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە:

- هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنـەوەی دەوڵەتـی عێـراق لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ هەمیشـە کات سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان لایەنێکـی میانگیـر و ناوبژیـوان بـووە بـۆ پێکهێنانـی کابینەکانـی حکومەتـی عێـراق و دروسـتکردنی سـەقامگیرییەکی رێژەیی لـە پرۆسـەی سیاسـیی عێراقـدا، بۆیـە لایەنـە سیاسـییەکانی عەرەبـی عێـراق (بـە شـیعە و سـوننەوە) ئـەو قەناعەتەیـان لا دروسـت بـووە کـە ئەمجـارەش پێویسـتیان بـە پشـتگیریی هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، بـۆ ئـەوەی رۆڵێکـی کاریگـەر لـە هێوربوونـەوەی بارودۆخەکـە بگێڕێـت.
- نوری مالیکی کە لـە دوو کابینـەدا سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق بـووە و زۆر بـاش لـە رۆڵ و پێگـەی نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان تێـدەگات و دەزانێـت کـە نێچیرڤـان بارزانـی بـە تـەواوی پشـتیوانیی سـەرۆك مسعود بارزانی-یـەوە چۆتـە بەغـدا، زۆر راشـکاوانە رایگەیانـد: «ئـەم سـەردانەی بەڕێـز نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، لـەم کاتـە هەسـتیار و ئاڵـۆزەی عێراقـدا، سـەردانێکی مێژوویـە و هەرگیـز ئـەم هەڵوێسـتەی لەبیـر ناکەیـن.»

ئاشکرایە نوری مالیکی وەك سیاسـەتمەدارێکی موحەنەك دەزانێت چی دەڵێت و چۆن وەسفی ئەم سـەردانەی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان دەکات، هەروەهـا دەشـزانێت لۆژیـك و دیپلۆماتییەتـی نێچیرڤـان بارزانـی بـۆ بەڕێوەبردنـی تەنگـژە و تێپەڕاندنی قەیرانـەکان لـە چ ئاسـتێکی بەرزدایـە.

- سـەرکردەی هاوپەیمانییـە سیاسـییەکانی بەشـدار لـە نـاو پرۆسـەی سیاسـیی عێراقـدا، بەوانـەی لـە حکومەتەکـەی عـادل عەبدولمەهدی بەشـدارن و بـە وانەشـی لـە دەرەوەی حکومەتـن وەك (هاوپەیمانیـی نەسـری عەبـادی)، بـاش لـەو راسـتییە تێگەیشـتوون کـە دروسـتکردنی کێشـە لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان سـەری خۆیـان دەخـوات، بۆیـە ئەگـەر لەگـەڵ هەرێمی کوردسـتان کێشـەیان نەبێـت، ئـەوا چارەسـەری کێشـەکانی دیکـەی عێـراق، ئەوجا خۆپیشـاندانی عەرەبی سوننەیە، یان وەك ئەمجارە خۆپیشـاندانی عەرەبـی شـیعە، چارەسـەر دەبـن، لەمـەش زیاتـر سـوودێکی گـەورە لـە دیدوبۆچـوون و ئەزموونـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان وەردەگـرن، هـەروەك چـۆن پێشـتر سـوودیان لـە دیدوبۆچـوون و پێشـنیارەکانی سـەرۆك مسـعود بارزانـی وەرگرتـووە، لـە سـەردانی ئەمجارەشـدا، نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان راشـکاوانە ئـەو پەیامـەی پـێ راگەیانـدوون کـە هیـچ چـار نییـە و دەبێـت وەڵامـی خواسـت و داواکاریـی هاووڵاتیـان بدرێتـەوە، بـۆ ئەمـەش دیدوبۆچـوون و پێشـنیاری خـۆی پـێ راگەیانـدوون.


کێشـەی (دەسـەڵات) لـە عێراقـدا، کێشـەی گۆڕینـی کابینەیەکـی حکومـەت بـە کابینەیەکـی دیکـە نییـە، بەڵکـو کێشـەی سـەرەکیی ئـەو دەسـەڵاتەیە کـە ئێسـتا شـیعەکان بـە (دەوڵەتـی حوسـێن) نـاوی دەبـەن، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە، ترسـی لایەنـە شـیعەکان، بـە هاوبـەش و ئۆپۆزسـیۆنەوە ئەوەیـە کـە مەترسـیی راسـتەقینە بکەوێتـە سـەر ئـەو دەسـەڵاتەی پێـی دەڵێـن (دەوڵەتـی حوسـێن) و کۆتایـی بـە حوکمڕانیـی شـیعە لـە عێراقـدا بێـت، بۆیـە کـە هاتـە سـەر ئـەوەی سیسـتمی (دەوڵەتەکـەی حوسـێن) کۆتایـی دێـت، ئەوانـە نـەك لایەنـە سیاسـییەکانیان، بەڵکـو ئایەتـوڵا سیسـتانی-یش دێتـە سـەر خـەت و رێگانـادەن ئـەو دەسـەڵاتە بڕووخێـت.

بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و پاراسـتنی مافەکانی لـە نـاو چوارچێـوەی عێراقـدا، ئـەوە گرنـگ نییـە کێ لـە بەغـدا دەسـەڵاتدارە، بەڵکـو ئـەوە گرنـە کام دەسـەڵاتە دەیەوێـت لەگـەڵ کوردسـتان دیالـۆگ بـکات و بـە شـێوازی ئاشـتییانە کێشـەکانی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان چارەسـەر بـکات.

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش سەردانەکەشی بۆ بەغدا، رایگەیاندبوو، کە کێشەکانی عێراق دەستوور نییە، بەڵکو ریشەی کێشەکانی عێراق ئەوەیە کە ئەو دەستوورە فەرامۆش کراوە و جێبەجێ نەکراوە**

**بۆ هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافەکانی لە ناو چوارچێوەی عێراقدا، ئەوە گرنگ نییە کێ لە بەغدا دەسەڵاتدارە، بەڵکو ئەوە گرنە کام دەسەڵاتە دەیەوێت لەگەڵ کوردستان دیالۆگ بکات و بە شێوازی ئاشتییانە کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات**

**ترسی لایەنە شیعەکان، بە هاوبەش و ئۆپۆزسیۆنەوە ئەوەیە کە مەترسیی راستەقینە بکەوێتە سەر ئەو دەسەڵاتەی پێی دەڵێن (دەوڵەتی حوسێن) و کۆتایی بە حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا بێت، بۆیە کە هاتە سەر ئەوەی سیستمی (دەوڵەتەکەی حوسێن) کۆتایی دێت، ئەوانە نەك لایەنە سیاسییەکانیان، بەڵکو ئایەتوڵا سیستانی-یش دێتە سەر خەت و رێگانادەن ئەو دەسەڵاتە بڕووخێت**



**ماجید شنگالی**

ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لەم کاتە هەستیارەدا جەختکردنەوە بوو لەسەر مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان


**سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و حزب و لایەنە عێراقییەکان و کوتلە سیاسییەکان، لە بارودۆخێکی هەستیاردا هات کە عێراق تووشی ناسەقامگیری و خۆپیشاندانی بەرفراوان بووەتەوە، هەر بۆیە سەرۆکی هەرێم جەختی لەسەر پشتگیریی هەرێم بۆ سەقامگیریی عێراق و پاراستنی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە، پاڵپشتیی داوا رەواکانی خۆپیشاندەرانیشی کرد، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی سەردانەکە و دۆخی ئاڵۆزی عێراق، دیدارێکمان لەگەڵ ماجید شنگالی ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لە بارودۆخێکی هەستیاردا هات، کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، هەنگاوێکی گرنگیش بوو بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئایا گرنگیی ئەم سەردانە لەم بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزەی عێراقدا چۆن دەخوێننەوە؟**

- سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لەم بارودۆخە هەستیارەدا زۆر گرنگ بوو، بەتایبەتی کە لەمیانەی ئەم سەردانەدا لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانییە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق کۆبووەوە و، گفتوگۆی لە بارەی قەیرانی سیاسیی عێراق و خۆپیشاندانەکانەوە کرد، ئەمە جیا لەوەی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە هاوپەیمانین لە حکومەتی عێراقدا، باس لە مافە دەستووری و یاساییەکانی خەڵکی کوردستان کرا، دیارە سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بە راشکاوی لەم سەردانەدا جەختی لەسەر دوو پرسی سەرەکی کردەوە، یەکەمیان پشتگیری هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا، دووەمیشیان پشتگیریکردن بوو لە سەرجەم داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، بێگومان ئاشکراشە کە داوا رەواکانی خۆپیشاندەران، دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویستە کە هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا نەتوانراوە بۆیان جێبەجێ بکرێت، ئەمەش دۆخ و گوزەرانی هاووڵاتیانی عێراقی سەخت کردووە، وێڕای ئەمانەش ئێستا لە عێراقدا هەندێك پرسی نوێ هاتوونەتە پێش، وەك هەمواركردنەوەی دەستوور، پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و گۆڕینی سیستمی حکومڕانی لە عێراقدا، هەموو ئەمانە لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکان قسە و باسی لەسەر کراوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەمواركردنەوەی دەستوور و دەستکاریکردنی زۆر لە بڕگەو ماددەکان پێویست بەوە دەکات کە لایەنە سیاسییەکان گفتوگۆ و ڕێکەوتنی لەسەر ئەنجام بدەن، هەروەها هەمواركردنەوەی ئەم پرسە هەستیارە پێویستە لە کەشوهەوایەکی ئارام و سەقامگیردا بەڕێوەبچێت، نەك لەم دۆخە ناهەموار و ناسەقامگیرەدا کە ئێستا عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئەمە جگە لەوەی هەمواركردنەوەی دەستوور و دەستکاریکردنی ئەو بڕگانەی تایبەتن بە مافە رەواکانی خەڵکی کوردستانەوە، پێویستیان بەوە هەیە بە گفتوگۆ و دانوستان و ڕێککەوتن ئەنجام بدرێن، چونکە هەندێك مەسەلە هەیە کورد ناتوانێت قبووڵی بکات، وەکو گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانیی

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەمواركردنەوەی دەستوور و دەستکاریکردنی زۆر لە بڕگەو ماددەکان پێویست بەوە دەکات کە لایەنە سیاسییەکان گفتوگۆ و ڕێکەوتنی لەسەر ئەنجام بدەن**

**هەموو کات وابووە، لە سەروبەندی گفتۆگۆکانی تایبەت بە بودجەی عێراق مشتومڕ و کێشەوگرفت لەنێوان هەرێم و بەغدا ڕوودەدات، چونکە لە عێراقدا بەهیچ شێوەیەک کار بە دەستوور و یاساکان ناکرێت**



عێراق لە شێوازی فیدراڵی و پەرلەمانییەوە بۆ شێوازێکی دیکەی حوکمڕانی، یان دەستێوەردانی مافەکانی هەرێم بە ماددەی ١٤٠ی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکانیشەوە.

*** ئەم سەردانە لە کاتێکدایە کە پرسی پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکرێت و بڕیارە بەم نزیکانە بنێردرێتە پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی، ئایا تاچەند ئەم سەردانە کاریگەریی لەسەر شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەو بودجەیەدا دەبێت؟**

- هەموو کات وابووە، لە سەروبەندی گفتوگۆکانی تایبەت بە بودجەی عێراق مشتومڕ و کێشەوگرفت لەنێوان هەرێم و بەغدا ڕوودەدات، چونکە لە عێراقدا بەهیچ شێوەیەك کار بە دەستوور و یاساکان ناکرێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئامادەکردنی بودجەکە تاکو پەسەندکردنی، ئەو کێشەو گرفتانە ڕوودەدەن، دەرئەنجام هەرێم و بەغدا پێویستە کاربکەن بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی گرنگ، کە هەمووان مافەکانیان وەربگرن، دیارە ئێمە مافمان لەبەغدا هەیە و، نابێت جیاوازی لە نێوان فەرمانبەرێکی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق بکرێت، هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەپێی دەستوور بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراق، کەچی لە ماف و ژمارەدا کەمتر حیسابی بۆ دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا حەشدی شەعبی تەنیا یەك دوو ساڵە دامەزراوە، بەڵام ماف و ئیمتیازەکانی زۆر بە باشی دابین کراوە، بۆیە پێویستە بەغدا کێشەکانی خۆی لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی چارەسەر بکات و هەموو ئەو کێشانە نەخاتە سەر شانی کێشەکانی دارایی و نەوت، کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروستی کردووە.

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەپێی دەستوور بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراق، کەچی لە ماف و ژمارەدا کەمتر حیسابی بۆ دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا حەشدی شەعبی تەنیا یەک دوو ساڵە دامەزراوە، بەڵام ماف و ئیمتیازەکانی زۆر بە باشی دابین کراوە**

*** خۆپیشاندانەکان دۆخێکی ناسەقامگیریان بۆ عێراق دروست کردووە، تەنانەت کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەیە، ئایا خوێندنەوەت بۆ ئەم خۆپیشاندانانە چییە؟**

- خۆپیشاندانەکانی عێراق بەهۆی کێشە کەڵەکەبووەکانی ڕابردووە بووە و بە پلەی یەکەم مەسەلەی تەشەنەکردنی گەندەڵی لەناو دەستەبژێری دەسەڵاتداری عێراقدا، هەروەها هەموو ئەو بەڵێنانەی بۆ چاکسازی لە ماوەی ١٥-١٦ ساڵی ڕابردوو لەلایەن ئەم دەستەبژێرەوە دراون، هەموویان وەك پەرچەکردای داواکاریی هاووڵاتیان بوون، نەك هەوڵیاندابێت کێشەکە چارەسەر بکەن، ڕاشکاوانەتر ئەم دەستەبژێرەی حوکمڕانیی عێراق لە ئێستادا کار لەسەر دروستبوونی دەوڵەتێك ناکەن کە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دامەزرابێت، بەڵکو کار بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی حزبی دەکەن،




کە کار لەسەر بەرژەوەندیی کوتلە سیاسییەکان بکات و چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشە و گرفتانەی خەڵکی پەراوێز خراون، هەر بۆیە بە تەئکید خەڵك مافی رەوای خۆیەتی داوای چارەسەرکردنی ئەم گەندەڵییە و گۆڕینی نیزامی حوکمڕانی بکات، لەهەمان کاتیشدا خۆپیشاندانەکان دەستی لایەنی ئیقلیمی و دەرەکیشی تێدایە، بەتایبەتی لایەنی ئێرانی و ئەمریکی، هەمووان دەزانن ململانێیەکی توندی ئەم دوو هێزە لە عێراقدا بوونی هەیە و ئەمریکا درکی بە فراوانبوونی نفووزی ئێران لە عێراقدا کردووە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی لیستەکانی فەتح و حەشدی شەعبی و دەوڵەتی یاسا و کوتلە سیاسییەکانی دیکە لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨، ئەمەش وایکردووە لە ناو پەرلەمانیشدا زۆرینەیەکی بەرچاو لایەنگریی ئێران بکەن. ئەمە لایەکیان، بەڵام لایەکەی دیکە بەشێکی زۆر لەو هێز و لایەنە سیاسییانەی عێراق کە هەوڵیانداوە داواکاری راستەقینەی هاووڵاتیان بەلاڕێدا بەرن و گۆڕیویانە بۆ گۆڕینی شێوازی حوکمڕانیی وڵات لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی و هەموارکردنەوەی دەستوور، ئەمە فێڵێکە لە خۆپیشاندەران دەکرێت، لەبەر ئەوەی نەهامەتییەکانی خەڵکی عێراق لەو سەدان ملیار دۆلارە گەندەڵییەوە سەرچاوە دەگرێت کە خودی ئەو حزب و هێزە سیاسییانە لە میانەی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە ئەنجامیان داوە و بەرپرسن لە بەهەدەردانی نزیکەی یەك ترلیۆن دۆلار.

*** زۆر باس لە بەهەدەردانی ئەو بڕە پارە گەورەیە دەکرێت، ئایا هیچ زانیارییەك لەسەر ئەو بوارانە هەیە کە گەندەڵی تێیدا تەشەنەی کردووە؟**

- لە باسکردنی گەندەڵیدا پێویستە واقیعی بین. بەوەی گەندەڵی تەنیا لە بودجەدا نییە، بەڵکو لە زۆر بواری دیکەدا هەیە، هەموومان دەزانین بودجەی عێراق بودجەیەکی بەکارخستنە و نیوەی بودجەکە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی عێراق دەچێت، نیوەکەی دیکەشی بۆ بەگەڕخستنی دامودەزگاکانی حکومەت و هەرسێ سەرۆکایەتییەکە و هەندێك بواری کەمی خزمەتگوزارییەکان دەچێت، زۆربەی بەهەدەردانی دارایی گشتیی عێراق لە نیوەی دووەمی بودجەکەدایە، کەچی ئەم لایەنە زۆر باسی لێوە ناکرێت، بۆ نموونە: بانکی ناوەندیی عێراق بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا (مەزاد) رۆژانە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێتە کۆمپانیا و بانك و دامەزراوەکانی سەر بە حزب و کوتلە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی ناو ئەو حزبانە، لە ٨٠٪ی ئەو پارەیەش بۆ هێنانی

**ئەم دەستەبژێرەی حوکمڕانیی عێراق لە ئێستادا کار لەسەر دروستبوونی دەوڵەتێک ناکەن کە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دامەزرابێت، بەڵکو کار بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی حزبی دەکەن، کە کار لەسەر بەرژەوەندیی کوتلە سیاسییەکان بکات**



نەهامەتییەکانی خەڵکی عێراق لەو سەدان ملیار دۆلارە گەندەڵییەوە سەرچاوە دەگرێت کە خودی ئەو حزب و هێزە سیاسییانە لە میانەی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە ئەنجامیان داوە و بەرپرسن لە بەهەدەردانی نزیکەی یەک ترلیۆن دۆلار

تا ئێستا هیچ داتاو زانیارییەکی راستەقینە لەسەر دۆسێی نەوت و داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق نییە و هیچیش پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق نەکراوە، تەنانەت فرۆشتنی غاز لە بودجەدا ئاماژەی پێ نەکراوە

کاڵاو کەلوپەل و پێداویستیەکانی عێراقییەکان دەڕواتە دەرەوەی وڵات، بەڵام پارەی گومرك و رسومات و باجی ئەو شمەك و کاڵایانە دیار نییە، ئەمە وێڕای بەهەدەردانی سەدان دۆنم زەوی کە بە هەرزان وەکو موساتەحەی ٤٠ بۆ ٥٠ساڵە دراوەتە کۆمپانیاکانی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی عێراق، کە دەستیان لە ئاودیوکردنی نەوت و سووتەمەنی و چەندین گەندەڵیی دیکەدا هەیە.

*** لەگەڵ بوونی ئەم گەندەڵییە فراوانە و بەهەدەردانی دارایی گشتی، بەتایبەتی لە بواری نەوت و غازدا، ئایا رۆڵی پەرلەمانتارەکانی هەرێمی کوردستان لە بەدواداچوونی ئەم دۆسێ گرنگەدا چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە کورد لە لیژنەکانی دارایی و نەوت و وزە ٤-٥ ئەندامی هەیە، ئەم پەرلەمانتارانەش هەموو مافێکیان هەیە بۆ بەدواداچوون و پرسیارکردن لەسەر داهاتی ئەو نەوتەی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە دەفرۆشرێت، یان ئەو نەوتەی لە ناوخۆدا لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە بەکار دەهێنرێت و، وەکو بەرهەمهێنانی ناوخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. کێشەکە لەوەدایە تا ئێستا هیچ داتاو زانیارییەکی راستەقینە لەسەر دۆسێی نەوت و داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق نییە و هیچیش پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق نەکراوە، تەنانەت فرۆشتنی غاز لە بودجەدا ئاماژەی پێ نەکراوە، هەروەها باسی ئەو کێڵگە هاوبەشانەی نەوتی نێوان عێراق و ئێرانیش ناکرێت، ئەمە جگە لەو ٧٥٠ ملیۆن بەرمیلەی نەوتیش کە لە ناوخۆدا بەکار دەهێنرێت قسەی لەسەر ناکرێت، هەموو ئەمانە پێویستە نوێنەرانی کورد قسەی جددی لەسەر بکەن و تەنیا رۆڵی بەرگریکردن نەگێڕن لە بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی کورد دەکرێت، بەوەی گوایە تەنیا پارە وەردەگرین و نەوت و داهاتەکەی تەسلیم ناکەین، ئەوان دەڵێن هەرێمی کوردستان بودجەی لە ١٧٪ی خۆی وەردەگرێت، لەکاتێکدا ئێستا ئەم برە کەم کراوەتەوە بۆ ١٢,٦٪ و دوای بڕینی خەرجییە سیادییەکان پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا لە باشترین حاڵەتیدا زۆر کەمتر دەبێتەوە لە ٩,٥ بۆ ١٠٪.

*** ئەمرۆ پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی هەیە، بەتایبەتی دوای ئەو لێکتێگەیشتنەی لە نێوان هەردوو لا دروست بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، لەم پێناوەشدا لیژنەی هاوبەش دروست کراوە،**



**ئایا تاچەند بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشانە ئومێدێك هەیە؟**

- خۆپیشاندانەکانی عێراق زیانیان بە گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا گەیاندبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەمڕۆ پەیوەندییەکی باش لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی هەیە، ناکرێت هەرچی شکستی سیاسی و گەندەڵی و کێشەی کەڵەکەبووی چەند ساڵی رابردوو هەیە، بخرێتە سەرشانی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، ناکرێت هەرچی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق هەیە لە مەسەلەی نەوت و هەندێك کێشەی بودجە و داراییدا بچووك بکرێتەوە، ئێمە ئەمڕۆ کێشەی جێبەجێنەکردن و پابەندنەبوون بە دەستوورەوەمان هەیە، کەچی ئەوان داوای هەموارکردنەوەی دەکەن، لە عێراقدا تا ئێستا ئەنجومەنی فیدراڵی دانەمەزراوە، کە بنەمای سەرەکیی هەموو دەوڵەتێکی فیدراڵییە.

*** ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە یەکێك لەو دۆسیێ و مەسەلە گرنگانە دادەنرێت کە لەنێوان هەرێم و بەغدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئایا یەکلا نەکردنەوەی ئەو کێشەیە و دواکەوتنی چارەسەرەکان تاچەند مەترسیی لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووانی ئەو ناوچانە هەیە، بەتایبەتی لە شنگال و دەشتی نەینەوا؟**

- من زیاتر دەمەوێت باسی هەردوو ناوچەی شنگال و دەشتی نەینەوا بکەم، لە شنگال پەکەکە و حەشدی ئێزیدی و حەشدی عەشائیری و حەشدی شەعبی و چەندین گرووپ و میلیشیای دیکە بە ناوی جۆراوجۆرەوە هەن، خەڵکیش متمانەیان بەهیچ یەکێك لەو هێزانە نییە و بێ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە کە خاوەنی خاك و خەڵکی رەسەنی ناوچەکەیە، هەرگیز خەڵکی ئەو ناوچانە ناگەڕێنەوە، سەبارەت بە دەشتی نەینەواش حەشدی عەشائیری بە ناو حەشدی شەبەك و حەشدی شەعبی چەندین کاری خراپ و ئازاردانی خەڵکیان ئەنجام داوە، تەنانەت دەرهەق بە پێکهاتەی شەبەکیش کاری خراپیان ئەنجام داوە، ئەوان سەرقاڵی داگیرکردن و کڕینی ماڵ و موڵکی پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزیدییەکانن تاوەکو ئەو هێڵە کۆنترۆڵ بکەن کە لە بەعشیقەوە بەرەو بەرتڵە و تەواوی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا دەڕوات، بەڵام هەموو ئەم داگیرکاری و تاڵانییانە بە گەڕانەوەی خەڵکە رەسەنەکە و هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە کۆتایی دێت .

**ناکرێت هەرچی شکستی سیاسی و گەندەڵی و کێشەی کەڵەکەبووی چەند ساڵی رابردوو هەیە، بخرێتە سەرشانی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی**

**ئێمە ئەمڕۆ کێشەی جێبەجێنەکردن و پابەندنەبوون بە دەستوورەوەمان هەیە، کەچی ئەوان داوای هەموارکردنەوەی دەکەن، لە عێراقدا تا ئێستا ئەنجومەنی فیدراڵی دانەمەزراوە، کە بنەمای سەرەکیی هەموو دەوڵەتێکی فیدراڵییە**


فاضل ميراني
الذاكرة
السياسية
أربيل 2019

### خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (الذاكرة السياسية)ی فازڵ میرانی

# پەنجا ساڵ لە ئەزموونی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر گرنگە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، خوێندنەوەم بۆ کتێبەکەی بەڕێز فازڵ میرانی کە بە ناوی (الذاكرة السياسية)یە و لە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠١٩یە، ئەم کتێبە بە سەر پێنج زنجیرەی تۆمارکراودا دابەشکراوە لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە و لە بەرنامەیەکدا بە ناوی (الذاكرة السياسية) و لەلایەن رۆژنامەنووسێکی لێهاتووی عەرەبی ئەنجام دراوە، دیارە سرووشت و ئاستی ئەم بەرنامەیە ئاسایی نییە، بەڵکو پەیوەندی دەکات بەو کەسایەتییە ناسراوانەی کە داڕێژەری بڕیاری سیاسین، هەروەها شوێن پەنجەیان دیارە و رۆڵی بەرچاویان هەیە لە رەوڕەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەلەکانیاندا، هاوکات کاریگەرییان لەنێو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا، لەبەر ئەوە میوانداریان دەکەن و راشکاوانە پرسیار و وەڵامەکانیان دەخەنە ڕوو.

گرنگترین تەوەرەکانی ئەم کتێبە بریتین لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد و رۆڵی بارزانیی نەمر و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیوەندییەکان لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها پەیوەندییە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، پرۆژەی داهاتووی کورد، پەیوەندیی تایبەت لەگەڵ ئێران و تورکیا و ئیسرائیل، پەیوەندیی لایەنەکانی بزاڤی نەتەوەیی

**بەڕێز میرانی سەبارەت بە پەیوەندییەکینی کوردو ئیسرائیل دەڵێت: لە ئیسرائیل ڕەوەندێکی کوردی هەیە کە کەلتووری خۆیان هەیە و ئێمەی کوردیش پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو ڕەوەندە هەبووە، ئەوانە پێش ئەوەی بە جوولەکە هەژمار بکرێن، بە کورد هەژمار دەکرێن**

کورد، لەسەر ئەم بنەمایە بەڕێز میرانی بە پێگە و ڕۆڵی خەباتی خۆی وەك مرۆڤێكی دایەلۆگ و سیاسەت و پەیوەندیی هەمەجۆر و ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەن و لەسەر بنەمای کەلتووری بارزانیی نەمر و پرەنسیپەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵبەتە ئەزموونی خۆیشی لە بەشداریکردن لە حوکمڕانی ئاماژە بە خاڵەکانی ئەو تەوەرانە دەدات.

ئەوەی من تێبینیم کرد لە خوێندنەوەم بۆ ئەم کتێبە بریتییە لە وردبینی و بێ لایەنی و واقیعییە و بابەتییانە و دیکۆمێنتێکی مێژوویییە، لە ڕووی باسکردنی ڕووداوەکان و دوور لە بۆچوونی تایبەت، یان سایکۆلۆجی و دیدی تەسك، لە ڕاستیدا ئەم زاکیرەیە ئاماژە بۆ ئەنجامی خەبات و تێکۆشان دەکات لە دیدی حزبێکی ڕەسەن و مێژوویی و زاکیرەیەکی زیندوو لە تۆمارکردنی دیدارەکان.

بەڕێز فازڵ میرانی پتر لە پەنجا ساڵ لە ئەندامێتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا و چل ساڵیش لە پێگەی سەرکردایەتی لەنێو پارتی و لە شۆڕشی کورد، هەڵبەتە بۆچوونەکانی حیسابی تایبەتیان بۆ دەکرێت.

**ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار چارەسەرێکی نموونەیی بوو بۆ کێشەی کورد، بەڵام پاش ئەو بەداخەوە ڕژێمەکانی عێراق پاشگەز بوونەوە لە ڕۆحی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەوڵی تیرۆرکردنی شەهید ئیدریس و بارزانیی نەمریشیان دا**

زنجیرەی یەکەم لە دیدارەکە باس لە خەونی دەوڵەتی کوردی و بەرگریی خۆی دەکات، چونکە ئاماژە بەوە دەکات، کورد گەلێکن مێژوو و ئابووری و کەلتوور و خاکیان هەیە، لە کۆماری کوردستان لە مەهابادەوە دەست پێ دەکات، کە چۆن ئەو کۆمارە لە ئەنجامی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان کۆتاییەکەی ئاشکرا بوو، بەڵام ڕۆڵی بارزانیی نەمر لەم کۆمارەو بەرگری و بەردەوامیی لە خەبات لە یەکێتیی سۆڤییەت پاش ڕووخانی ئەم کۆمارە ئاماژەی پێکراوە. دوای ئەمە باسی شۆڕشی چواردەی تەمموز وەك خاڵێکی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی کوردی-عەرەبی دەکات و ئاماژە بە ماددەی (٣)ی دەستووری ١٩٥٨ دەکات لە وەڵامی پرسیارەکانی بۆ پێشکەشکاری بەرنامەکە و جەختیش دەکاتەوە کە شۆڕشەکە بەرەو ئاستێکی دیکە چوو، هەروەها پاشگەزبوونەوە لەم ماددەیەو نەمانی مانای شەراکەت لەم وڵاتەدا.

**عێراقی دوای ٢٠٠٣ عێراقێکە پڕیەتی لە کێشە و گرفت، ڕاستە دەستوورێکی نموونەیی هەیە، بەڵام پێشێل دەکرێت و جێبەجێ ناکرێت**

بەڕێز میرانی باسی ئەوە دەکات کە بارودۆخی کورد لە عێراق جودایە لەگەڵ ئێران و تورکیا، چونکە لە عێراق جۆرە کرانەوەیەکی بزاڤی نیشتمانی عێراقی هەبوو بە سەر کێشەی کورد، بۆ نموونە حزبی شیوعی و بزاڤی سۆسیالیستی عەرەبی ددانیان بە مافی گەلی کورد دانا (مافی چارەی خۆنووسین)، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە بەرەو ئۆتۆنۆمی بڕوات لە هەرێمی کوردستان.

زنجیرەی دووەم لە دیدارەکە، یان لە تۆمارکراوەکەدا ئاماژە بە پەیوەندییەکان دەکات لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل، بەڕێز میرانی ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم پەیوەندییانە لەسەر بنەماکانی واقیعییانە بووە و گەلی کورد لە خەباتدا گەڕاوە کە بە هەر شێوەیەك بێت بۆ ئەوەی پشتگیری بۆ خۆی پەیدا بکات، تایبەت بە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل ئاماژە بە وەڵامی سەرۆك بارزانی دەکات و لە وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکان کە پەیوەندیی کورد و ئیسرائیل چۆنە؟ ئەو دەڵێت: ئەم پەیوەندییانە ئەگەر بمانەوێت بیکەین، ئەوا لە ڕێگەی عێراقەوە دەبێت، نەك لە ڕێگەیەکی دیکەوە.

لە زنجیرەی سێیەمی دیدارەکە بەڕێزیان ئاماژە بەوە دەکات کە پاش نسکۆی ١٩٧٥ دەبوایە پەنا بۆ بەرگری ببردرێت، بەڵام کاتێك جۆرە ڕاوەستانێك هەبوو کە ئەمەش خوێندنەوەو پێداچوونەوە بوو بۆ واقیعەکە، ئاماژەش بە خاڵێکی دیکە دەکات کە پاش نسکۆی ١٩٧٥ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد جۆرە پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە بینی، لایەنی دیکەی سیاسیش هاتنە کایەوە، میرانی ڕوونی دەکاتەوە کە لە دوای نسکۆ وەڵامی پرسیارێکی گرنگ درایەوە، (دەبین، یان نابین) ئەگەر پێویستە بۆ داهاتوو هەموو هەوڵێك بدەین تا ببین، ئەگەرنا نابین، باسی ئەوەش دەکات کە لایەنە سیاسییەکانی کوردیش بە داخەوە تووشی قۆناغی هەوراز و نشێوی بوون، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو لە ڕێکخستنی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٩٨ بە سەرپەرشتیی ئەمریکا سنوورێك دانرا بۆ ئەو ناخۆشییەی نێوان لایەنەکان، گرنگترین خاڵەکانی گەشبینی لای بەڕێز میرانی کە مایەی دڵخۆشییە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار بوو، هەروەها قۆناغەکانی دیالۆگ لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق، سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ عێراق جارێکی دیکە پرسیاری لێ دەکرێت، بەڕێزیان ئاماژە بەوە دەکات کە

پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ ئێران لەسەر بنەمای ئەوەی دوژمنێکی هاوبەشمان هەبوو کە رژێمی ئەوکاتی عێراق بوو، ئەوەی کە پەیوەستیشە بە ئیسرائیل روونی دەکاتەوە کە لە ئیسرائیل رەوەندێکی کوردی هەیە کە کەلتووری خۆیان هەیە و ئێمەی کوردیش پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو رەوەندە هەبووە، ئەوانە پێش ئەوەی بە جوولەکە هەژمار بکرێن بە کورد هەژمار دەکرێن، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندیی نەتەوەییمان هەیە و ئەوانیش پاڵپشتی کێشەی کوردن، دەربارەی ئەوەی بۆچی دیالۆگەکانی کورد لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق سەرنەدەکەوتن، وەڵامی بەڕێز میرانی ئەوە بوو کە ئەوان بڕوایان بە چارەسەری دادپەروەرانە و دیموکراسییانەی کێشەی کورد نییە، بە رای بەڕێزیان جارێکی دیکە دەڵێت: رێککەوتننامەی ١١ی ئادار چارەسەرێکی نموونەیی بوو بۆ کێشەی کورد، بەڵام پاش ئەو بەداخەوە رژێمەکانی عێراق پاشگەز بوونەوە لە رۆحی ئەم رێککەوتننامەیە، هەوڵی تیرۆرکردنی شەهید ئیدریس و بارزانیی نەمریشیان دا.

بەڕێز میرانی تیشك دەخاتە سەر خاڵێکی گرنگ لە خەباتی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد، بارزانیی نەمر نموونەی سەرکردەی نەتەوەیی و رۆحی، نەك بۆ عێراق بۆ تورکیا و ئێران و سووریاش هەژماردەکرێت، نموونەیەکە پەیوەستە بە کات و شوێنی خۆیەوە، رەنگە ئەمە دووبارە نەبێتەوە.

لە زنجیرە چوارەمی دیدارەکەیان باس لە گۆڕانکارییەکانی عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە کورد بەشێك بووە لە خەبات دژی رژێمی سیاسیی عێراق، بەڵام لە هەمان کاتدا لە داگیرکردنی سەربازی لە کوردستانەوە عێراق داگیر نەکراوە، بەڵکو لە کەنداوەوە هاتن، باس لەوەش دەکات کە ئێران بەرژەوەندییەکی گرنگی هەبوو لە پێشهاتەکانی عێراق، ئەمریکاش تا رادەیەك، بەڵام عێراقی دوای ٢٠٠٣ عێراقێکە پڕیەتی لە کێشەو گرفت، راستە دەستوورێکی نموونەیی هەیە، بەڵام پێشێل دەکرێت و جێبەجێ ناکرێت، بۆیە کێشەکان سەریان هەڵداوە.

لە زنجیرەی پێنجەمدا، بەڕێزیان باس لە هەندێ خاڵی دڵتەزێن دەکات لە کێشەی کورد وەك هەڵەبجە و ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد، بەڵام ئەنجامەکەی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بوو، بەڵام ئەم راپەڕینە سەرکوت کرا لەلایەن رژێمی عێراقەوە و کۆڕەوی ملیۆنی بەدواداهات، هەروەها رۆڵی هاوپەیمانان لە دۆزینەوەی ناوچەی ئارام، لەسەر ئەو بنەمایەش بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد جۆرە پەیوەندییەك بەردەوام هەبوو لەگەڵ رژێمی عێراق، بەڕێزیان ئاماژە بەوە دەکات کە بڕیاری ریفراندۆم یەکێك بوو لە بڕیارە هەرە بوێرەکان، دەبێت ریفراندۆم لە سەربەخۆیی جیابکەینەوە، چونکە سەربەخۆیی مەرجەکانی خۆی هەیە، لە سیاسەت، لە ئابووری، لە بەرگری، ریفراندۆم میکانیزمێکە بەرەو سەربەخۆییت دەبات، بۆیە هەڵەیەکی گەورە بوو لە تێگەیشتن لە مەسەلەی ریفراندۆم، لەبەر ئەوە ئەم خاڵە لە مێژوو و ویژدانی کورددا هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

لە ئەنجامدا دەڵێین بەڕێز فازڵ میرانی وەك مرۆڤێکە خاوەن خەباتی پتر لە ٥٠ ساڵی خەباتی مەدەنی سیاسی و پێشمەرگایەتی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکانی هەمەجۆری رۆشنبیری و بەشداریکردنە لە حوکمڕانی، بۆیە بەڕێزیان توانییان لەم کتێبە (الذاكرة السياسية) دا وەڵامی گرنگترین پرسیارە هەستیارەکان بداتەوە، هەڵوێست و پەنجەمۆری خۆی لە مێژوودا تۆماربکات، ئەگەر بزانین بەڕێزیان خاوەن دیپلۆماسییەتێکی خوێندراوە لەگەڵ گشت ئەوانەی لە دەوروبەریدان، قەد خۆی جیا ناکاتەوە لە رەوڕەوەی ژیانی سیاسی و ئابووری، بەڵکو رۆڵێکی کاریگەر و ئەکتیڤی هەیە و فاکتەرێکی گرنگیشە لە دروستکردنی رووداوەکاندا.

ئەم کتێبە لەدوای زنجیرە کتێبێکی دیکەی بەڕێزیان هەژمار دەکرێت، بۆ نموونە کتێبی (دایەلۆگ وەك چارەسەر)، هەروەها وەك ئەوەی من تێبینیم کردووە و لە بابەتەکانی لە دیداری جۆراوجۆر لەگەڵ کەناڵە عەرەبییەکاندا پەیوەندییەکی باشی هەیە، ئەمەش هەڵوێستێکی باشە، چونکە بمانەوێت، یان نەمانەوێت، دراوسێی ٥٠٠ ملیۆن هاووڵاتیی عەرەبین، کە دەبێت ئەوانیش ئاگاداری راستییەکانی ئێمە بن، ڕوونکردنەوەکانی بەڕێز میرانی بۆ رای گشتیی عەرەبی و ئیسلامین، لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

**دەبێت ریفراندۆم لە سەربەخۆیی جیابکەینەوە، چونکە سەربەخۆیی مەرجەکانی خۆی هەیە، لە سیاسەت، لە ئابووری، لە بەرگری، ریفراندۆم میکانیزمێکە بەرەو سەربەخۆییت دەبات**

**هەڵەیەکی گەورە بوو لە تێگەیشتن لە مەسەلەی ریفراندۆم، لەبەر ئەوە ئەم خاڵە لە مێژوو و ویژدانی کورددا هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە**

**ڕوونکردنەوەکانی بەڕێز میرانی بۆ رای گشتیی عەرەبی و ئیسلامین، لەبەر ئەوەی بمانەوێت، یان نەمانەوێت، دراوسێی ٥٠٠ ملیۆن هاووڵاتیی عەرەبین، کە دەبێت ئەوانیش ئاگاداری راستییەکانی ئێمە بن**




موسا ئەحمەد

سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ گوڵان:

# سەردانی مسرور بارزانی بۆ کەمپی بەردەڕەش ئاوارەکانی ئاسوودە کرد و کاریگەری گەورەی هەبوو

# خزمەتکردنی ئاوارەکان بە ئەرک و بەرپرسیارێتیی خۆمان دەزانین

## تا ئێستا ٤٠٠ تۆن هاوکاری لەلایەن ڕێکخراوەکەمانەوە گەیەندراوەتە ڕۆژئاوای کوردستان

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی بە هانای لێقەوماوان و ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە هات، ئەمەش حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو بوو لە دەزگایەک کە کاری خێرخوازی کردۆتە ناو و ناونیشانی خۆی و لەم ڕووەوە درێغی نەکردووە بۆ خزمەتی خەڵکی ئاوارە و پەناهەندەکان، بەتایبەتی خزمەتێکی بەرچاوی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر پڕۆژە و کار و چالاکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا ئەم دیدارەمان لەگەڵ موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئەنجام دا .**

*** لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بۆ جارێکی دی کوردانی ڕۆژئاوا ئاوارە و دەربەدەر بوون و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل دووچاری نەهامەتی و دەربەدەری بوون، ئایا ئێوە وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی تا چەند یارمەتیدەری کوردانی ڕۆژئاوا بوون و تا چەند بە دەنگ داواکاری و خواستەکانیانەوە هاتن؟**

- هەر لە سەرەتای دروستبوونی ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە جەنابی سەرۆک بارزانی ڕایسپاردین کە ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ خزمەتکردنی کوردانی ڕۆژئاوا و لە ناو خودی ڕۆژئاوادا. چونکە بەداخەوە بینیمان بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دوای ڕوودانی ئەو کارەساتە کارەکانیان سڕکرد و بەشێکی زۆریشیان ئەوێیان جێهێشت، ئەمەش ئەرکی ئێمەی قورستر کرد، بۆ ئەوەی هەم هاوکاری بگەیەنین و هەم پەیامێکیش بگەیەنین کە ئەو خەڵکە ئاوارە نەبێت، چونکە پەنابەربوونی ئەوان جارێکی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان کارەساتە مرۆییەکە گەورەتر دەکات. لە ڕاستیدا ئێمە پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و لەگەڵ خودی خەڵکەکەش پەیوەندیمان هەیە، هەمیشە لە حاڵەتی لەم شێوەیەشدا خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەی لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەبووە کە بە هانایانەوە بچێت، کە لە ڕاستیدا ئێمە بە هاوکاری نازانین، بەڵکو بە ئەرکی دەزانین لەسەر ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی، چونکە چۆن ئەم ڕێکخراوە بۆ هەولێر و دهۆک و سلێمانی و هەڵەبجەیە، بە هەمان شێوە بۆ قامیشلۆ و گرێ سپی و حەسەکە و بۆ ماردین و دیاربەکر و بۆ مەهاباد و سنە و هەموو شوێنێکی کوردستانە. ئێمەش پێشتر بینیومانە کە خەڵکی

**زۆر جار جەنابی سەرۆک دووپاتی دەکاتەوە کە دەبێت ئەو خەڵکە پەنابەرانە هەست بکەن لە ماڵی خۆیاندان و خەڵکی کوردستانیش نەک هەر دەرگای ماڵەکانیان، بگرە دەرگای دڵیشیان بۆ ئەو خەڵکانە کردۆتەوە**

**هاوکاریی دەروونی هیچی کەمتر نییە لە هاوکاری ماددی و دابینکردنی پێداویستییە بە پەلەکان. ئەوە بوو هەستێکی ناوازە لای جەنابی سەرۆکی حکومەت و ئەو منداڵانەش دروست بوو کە بە گوڵەوە بۆ پێشوازیلێکردنی راوەستابوون و لە ئامێزیان گرت**

**هەمیشە لە حاڵەتی ئاوارەبووندا خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەی لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەبووە کە بە هانایانەوە بچێت، کە لە راستیدا ئێمە بە هاوکاری نازانین، بەڵکو بە ئەرکی دەزانین**

کاتێك کارەساتێکی لەم شێوەیەی لێ دەقەومێت، هەمیشە پەنا بۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەبات، ئەمە مایەی سەربەرزییە بۆ ئێمە و کارمەندەکانمان کە توانیومانە گوزارشت لەم ناوە گەورەیە بکەین کە ناوی (بارزانی)یە کە چۆن خەڵکی بە فریادڕەسیان زانیوە، ئێستاش ئەم رێکخراوە ببێتە چەترێك بۆ ئەو کەسانەی بەداخەوە دوچاری کارەسات دەبن. بۆ وەڵامی پرسیارەکەشتان ئێمە لە ماوەیەکی کەمدا بڕێکی باشی هاوکاریمان گەیاندە رۆژئاوای کوردستان و راستەوخۆ تیمەکانمان لە حەسەکە و عامودا و دەوروبەری قامیشلۆ دەستیان بە دابەشکردنی هاوکارییەکان کرد، لەگەڵ ئەو شوێنانەی دیکە کە ئاوارەکان روویان تێ کردبوو، بەتایبەتی لە سەرێ کانی و گرێ سپی، ئەمەش کاریگەری باشی هەبوو، چونکە دوای ئێمە رێکخراوی دیکە هاتن و خەڵکی خۆشمان هاوکار بوون بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری. لەم رووەوە ئێمە سێ کاروانی هاوکاریمان گەیاندووە و لە ئێستادا سەرقاڵی رەوانەکردن و گەیاندنی کاروانی چوارەمیشین. بەو پێیە تا ئێستا زیاتر لە ٧٠٠ تۆن هاوکاری گەیەندراوەتە رۆژئاوای کوردستان کە لە سەتا ٦٥ی ئەو هاوکارییانە دەزگای خێرخوازی بارزانی ئەو هاوکارییانەی دابین کردووە. کە وەجبەی یەکەمی هاوکارییەکانی ئێمە بریتی بوو لە دابینکردنی پێداویستی بۆ (٥٠٠٠) خێزان کە نزیکەی ٢٥ هەزار کەسن، لەگەڵ دابینکردنی چەندین تۆن دەرمان کە لەسەر داخوازیی خۆیان دابین کرابوو. بە هەمان شێوە دەستەبەرکردنی ٢٠ هەزار بەتانی ئەویش لەسەر داخوازیی خۆیان بوو. ئەو خۆراکەی بۆ خێزانەکانیش دابین کرابوو، ١١ ماددەی خۆراکی تێدا بوو، لە هەمان کاتدا بە کواڵیتییەکی زۆر باش ١٤٥ تۆن خۆراکمان لەگەڵ خۆمان بردبوو. لەگەڵ دابینکردنی شیر و حەفازەی منداڵان، هەروەها دوو باری چوار تەنی دەرمانمان لەگەڵ خۆمان بردبوو. لە هەمان کاتدا ئاویشمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، کە ئەویش لەسەر داوای خۆیان بوو. کەواتە دەتوانین بڵێین تا ئێستا ٤٠٠ تۆن هاوکاری لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی گەیەندراوەتە رۆژئاوای کوردستان.

*** جگە لە گەیاندنی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ رۆژئاوای کوردستان ژمارەیەکیش لە ئاوارەکانی رۆژئاوا گەیشتنە هەرێمی کوردستان، ئایا تاچەند توانیتان پێشوازی لەو ژمارە زۆرەی ئاوارە بکەن؟**

- لە راستیدا هەر لە یەکەم رۆژی هاتنی ئاوارەکان ئێمە لە سحێلا لە دوو شوێنی جیاواز پێشوازیمان لێ کردن، کە ئەو خەڵکانەش بە درەنگانی شەو دەگەیشتن، چونکە لەو دیو سنوورەوە رێگرییان لێ دەکرا و هیچ یەکێك لەو ئاوارانە بە شێوەیەکی رەسمی نەهاتوونەتە ئێرە و تەنیا کۆڵەپشتییەکیان پێ بوو. ئەوە بوو لە سحێلا کەمپی پێشوازیکردن هەبوو و خواردنی گەرمیان بۆ دابین دەکرا. ئێمە هەر زوو داوای هاوکاریمان لە هاوبەشەکانمان لە LDS و CBN کرد ئەوە بوو پرۆژەیەکی گەورەمان لەگەڵ LDS واژوو کرد و پێکەوە ٢٠٠ هەزار ژەمی خواردنی گەرممان بەسەر ئاوارەکاندا دابەش کرد، کە هەندێکان چوار ژەم خواردنیان پێ دەدرا، ئەمە لە کاتێکدا سێ ژەمەکە مسۆگەر بوو بۆیان، تاوەکو لە کەمپەکانی بەردەڕەش و گەویلان جێگیر دەکران.

*** با کەمێك باسی کەمپی بەردەڕەش بکەین کە لە هەفتەی رابردوودا مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کەمپەی بەسەر کردەوە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمەش کەمپەکە نوێیە و هەموو پێداویستیەکانی تێدا نییە؟**

- لەو ١٥ هەزار کەسەی رۆژئاوای کوردستان کە لەم دواییەدا ئاوارە بوون، زۆربەیان لە کەمپی بەردەرەش نیشتەجێ کراون و تەنیا ٤٥٠ خێزانیان لە کەمپی گەویلانن و بەشێکیشیان لەلایەن خزمەکانیانەوە لە کوردستان داواکرابوون بۆ ئەوەی لای خۆیان نیشتەجێیان بکەن. سەبارەت بە سەردانەکەی جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمپی بەردەڕەش ئەوا ئەمە سەردانێکی مێژوویی بوو، چونکە ماوەیەکی کەم بوو ئەو ئاوارانە هاتبوون و سەردانەکەشی لەسەر خواستی خۆی بوو و بەڕێزیشیان جگە لە پرسینەوە لە بارودۆخی ئاوارەکان- کە راستەوخۆ سەردانی خێمەکانی کرد- لە هەمان کاتدا کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجومەن و




پیاوماقووڵانی کەمپەکە کرد، هەروەها لەگەڵ سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی پڕۆژەیان هەیە لە ناو کەمپی بەردەڕەش، ئەویش بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و پارێزگاری دهۆك، هەروەها دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی (UNHCR)، لەوێدا بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە بە هەموو لایەك هاوکارییەکی زیاتر پێشکەش بکرێت، بەتایبەتی کە ئەوە کەمپێکی نوێیە و ئێمەش لە وەرزی زستان نزیك دەبینەوە. ئەوە بوو ئێمە لەگەڵ هاوبەشەکانماندا توانیمان وەجبەیەك نەوت بەسەر ئەو پەنابەرانەدا دابەش بکەین، لەگەڵ سێتێزی مەتبەخ و ئێستاش ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەوەی موکێت بەسەر ئەو کەمپەدا دابەش بکرێت، کە بەداخەوە ئەو هاوکارییانەی لە سەرەتاوە (UNHCR) دابەشی کردن، موکێتی تێدا نەبوو. ئێستاش بەشێکی زۆری پێداویستی دابەش کراون لە دۆشەك و بەتانی و سۆپا و چۆلە – کە تەباخێکی بچوکی نەوتییە - دەزگای ئێمەش بە هاوکاری مانگی سووری ئیماراتی ژەمە خواردنێکی بەسەردا دابەش کردوون، هەروەها ژەمێکی خۆراك لەلایەن WFP دابین دەکرێت. ئێمە بەردەوام بووین و بەردەوامیش دەبین و جەنابی سەرۆکی حکومەتیش دووپاتی کردەوە کە ئەوەی پێمان دەکرێت درێخی ناکەین. دواتر جگە لە پێداویستییە بەپەلەکان ئەم خەڵکانە لە رووی دەروونییشەوە پێویستیان بەو جۆرە سەردانانە هەیە و خەڵکەکە بەو سەردانە ئاسوودە بوون و ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو، بە حوکمی ئیشەکەمان ئێمە بۆمان دەرکەوتووە هاوکاریی دەروونی هیچی کەمتر نییە لە هاوکاری ماددی و دابینکردنی پێداویستییە بە پەلەکان.

ئەوە بوو هەستێکی ناوازە لای جەنابی سەرۆکی حکومەت و ئەو منداڵانەش دروست بوو کە بە گوڵەوە بۆ پێشوازیلێکردنی راوەستابوون و لە ئامێزیان گرت، جەنابی سەرۆکی حکومەتیش دیاری خۆی هەبوو کە لە فلّچە و مەعجونی ددانەوە تاوەکو قەمسەڵە و پێڵاو و دیاری لەخۆگرتبوو بۆ یەکە بە یەکەی منداڵەکانی نێو کەمپەکە. بە کۆی گشتی ئێمە بە هەموو لایەك هەوڵمان داوە کە ئەو خەڵکانە هەست بکەن لە نێو ماڵی خۆیاندان و ئەمەش زۆر جار جەنابی سەرۆك دووپاتی دەکاتەوە کە دەبێت ئەو خەڵکە پەنابەرانە هەست بکەن لە ماڵی خۆیاندان و خەڵکی کوردستانیش نەك هەر دەرگای ماڵەکانیان، بگرە دەرگای دڵیشیان بۆ ئەو خەڵکانە کردۆتەوە، ئەوانیش پێویستیان بەم گیانە مرۆییە و ئاوڕدانەوە و ڕێزگرتنە هەیە، بەتایبەتی کە دەبینن سەرۆکی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە خۆیان بە بەرپرس دەزانن

**پڕۆژەیەکی گەورەمان لەگەڵ LDS واژوو کرد و پێکەوە ٢٠٠ هەزار ژەمی خواردنی گەرممان بەسەر ئاوارەکاندا دابەش کرد، کە هەندێیکان چوار ژەم خواردنیان پێ دەدرا**



**بەداخەوە دۆخی هەرێمی کوردستانی وەک ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١٢ نییە کە هەلی کار زۆر بێت و ئەو ئاوارانە بتوانن بۆ خۆیان کار بکەن**

**گرنگە درێژە بەو هاوکارییانە بدەین بەتایبەتی لە بواری خۆراک و جلوبەرگ و شیری منداڵان، چونکە ئەم بابەتانە لە نێو هاوکارییەکانی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نین**

بۆ خزمەتکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەوان. راستە ژیانی ناو کەمپ و خێمە ئاسان نییە، بەڵام ئێمە ئەوەی لە توانامانـدا بووە، پێشکەشیان دەکەین و کردوومانە.

*** تا چ رادەیەك دوای سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بە گوڕ و تینێکی زیاترەوە کاریان بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان کردووە؟**

- لە راستیدا هەموو لایەکیان لەسەر خەت بوون، وەك وەزارەتی تەندروستی و بەتایبەتی بەڕێوبەرابەیەتی گشتی تەندروستیی دهۆك لە یەکەم رۆژەوە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکان و بە شێوەیەکی راستەوخۆ پشکنینیان بۆ ئەو خەڵکانە کردووە و ئەوان لە هەوڵەکانیان بەردەوامن و ئەوەی بکرێت، بۆیان کراوە. هەروەها لە بەردەڕەشەوە کارەبایان بۆ دابین کراوە و ئەو کۆمپانیایەی پاکوخاوێنیی بەردەڕەش ئەم خزمەتگوزارییەش بۆ کەمپەکە دابین دەکات. ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی پەروەردە و قوتابخانەوە هەبێت، ئەوا ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوەکان لەسەر خەتین و ئەگەر کێشەی تەکنیکی دروست نەبێت، ئەوا رەنگە بە هاوکاریی کونسوڵگەریی فەڕەنسی لە ناو بەردەڕەشدا قوتابخانە بکەینەوە.

*** بەرنامەی داهاتووی ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی بۆ هاوکاریکردنی کوردانی رۆژئاوا چییە؟**

- ئێمە تەمەننای ئەوە دەکەین کە چیتر خەڵکی ئاوارە نەبن، هەروەها ئێمە لە هەوڵ و کۆششەکانمان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی وەك دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکارییەکان بگەیەنینە نێو رۆژئاوای کوردستان بۆ ئەوەی خەڵکەکە هەست بکات کە هەمان ئەو هاوکارییانەیان بەدەست دەگات کە ئەگەر بهاتایە لە هەرێمی کوردستان بوونایە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ناچار بوون و روویان لێرە کرد، ئەوا ئێمە پێشوازییان لێ دەکەین، وەك ئەوەی کردوومانە و ئێمە وەك ڕێکخراوەکان بە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆمانی دەزانین کە خزمەتی ئەو خەڵکە بکەین. دواتر دەبێت سوپاسی خەڵکی خۆمان بکەین بەگشتی و کوردانی ئێمە لە وڵاتانی دیکە بەتایبەتی جالیەی کوردی لە وڵاتانی ئەوروپا کە هاوکار بوون بۆ ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی. ئەم ڕێکخراوە هەموو لایەنێکی لوجیستی لە ئەستۆ دەگرێت، بەتایبەتی ئەو هاوکارییانەی لە ڕێی ئێمەوە کۆدەکرێنەوە بۆ ئەوەی هەم بیانگەیەنینە رۆژئاوای کوردستان و هەم لێرەش پێشکەشی




ئاوارەكانی بكەین. هەروەها بەداخەوە دۆخی هەرێمی كوردستانی وەك ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١٢ نییە كە هەلی كار زۆر بێت و ئەو ئاوارانە بتوانن بۆ خۆیان كار بكەن، بۆیە گرنگە درێژە بەو هاوكارییانە بدەین بەتایبەتی لە بواری خۆراك و جلوبەرگ و شیری منداڵان، ئەمانە زۆر گرنگن، چونكە ئەم بابەتانە لە نێو هاوكارییەكانی رێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا نین.

*** وا دیارە كە ژمارەی ئاوارەكان زۆرن و ئێوەش ئەركێكی گەورەتان لە ئەستۆیە، چۆن كارەكانی خۆتان دابەش كردووە؟**

- لە راستیشدا هێشتا ملیۆنێك و ١٠٠ هەزار ئاوارە لە كوردستاندا هەن و زیاتر لە ٣٩ كەمپی ئاوارە لە هەرێمدا هەن و ئێمە ئیدارەی سەرجەم كەمپەكانی هەولێر و كەمپی بەردەڕەشیش ئیدارە دەكەین. هەروەها ژمارەیەكی دیكەی ئاوارەكان لە دەرەوەی كەمپەكانن. دواتر ئێمە پڕۆژەی ئازیزانمان هەیە بۆ منداڵانی بێ باوك كە هەوڵ دەدەین بە هەماهەنگی لەگەڵ كۆمپانیاكانی خۆمان و مانگی سووری ئیماراتی هاوكارییان بكەین. سەبارەت بە هاوكارییەكانمان بۆ كوردانی رۆژئاوا جگە لە كەمپی بەردەڕەش نۆ كەمپی دیكە هەن چواریان لە هەولێر و چواریان لە دهۆك و یەكێكیان لە پارێزگای سێلمانییە و كێشەی دابینكردنی خۆراكیان هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی WFP رایگەیاند چیتر ئەوان ناتوانن وەك جاران بەردەوام بن لە دابینكردنی خۆراك بۆ ئەو كەمپانە، بۆیە لەگەڵ دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی جیهانی كوێت پڕۆژەیەكمان هەیە كە تا كۆتایی ئەمساڵ و سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوام دەبێت و پاكێجێكی خواردنە و زیاتر لە ١٧ هەزار خێزان سوودمەند دەبن كە بە سەر كەمپی دارەشەكران و قوشتەپە دابەش كراوە و دواتر دەچینە كەمپەكانی دیكە لە دومیز و ئاكرێ و گەویلان و باسرمە و كەمپی باریكە لە سلێمانی و زیاتر لە ٨٦ هەزار كەس سوودمەندە لەم پرۆژەیە و پاكێجی خۆراكەكە لە ١١ مادده پێكهاتووە و نزیكەی ٣٠ كیلۆگرامە.

*** باس لەوە دەكرێت كەمپێك لەسەر سنوور دروست بكرێت، ئێوە تا چەند لەم رووەوە هاوكار دەبن؟**

- ئێمە لەگەڵ هەیڤا سورا كوردی و لەگەڵ ئیدارەكانی ئەوێ و لەگەڵ خەڵكەكە كارمان لەسەر ئەم پرسە كردووە و بەشێك لە هاوكارییەكانی رێكخراوەكەی ئێمە لە كاروانی چوارەم بەشێك لە پێداویستییەكان دروستكردنی كەمپ لەخۆدەگرن.

**زیاتر لە ٣٩ كەمپی ئاوارە لە هەرێمدا هەن و ئێمە ئیدارەی سەرجەم كەمپەكانی هەولێر و كەمپی بەردەڕەشیش ئیدارە دەكەین**

**ئێمە پڕۆژەی ئازیزانمان هەیە بۆ منداڵانی بێ باوك و هەوڵ دەدەین بە هەماهەنگی لەگەڵ كۆمپانیاكانی خۆمان و مانگی سووری ئیماراتی هاوكارییان بكەین**

# پێشهات و پەرەسەندنەکانی عێراق بەرەو کوێ؟

**دەبێت داوای ئەوە بکەین دەسەڵاتی هەرێمەکان کەم نەکرێنەوە، چونکە ئەگەر تەنیا ئاماژە بە مافی کورد بکرێت، ئەوا رەنگە رەگەزپەرستی و کاردانەوە دروست بێت، بەڵام ئەگەری باس لە مافی هەرێمەکان بکرێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە پشتیوانی و هاوسۆزی بۆ ئەم داوایە دروست بێت**

**● تێڕوانینێکی گشتی لەسەر ناوچەکە و رووداوەکانی عێراق**

لە ئێستادا ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا رەوتی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن؟ ئەوا ئەمە لە رواڵەتدا پرسیارێکی سادەیە، بەڵام وەڵامەکەی قورسە، چونکە ناڕوونی و نادڵنیاییەك هەیە لەم رووەوە و دیار نییە ناوچەکە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات. دواتر ئەگەر ئێمە باس لەو چالاکییە مەدەنییانە بکەین کە لە عێراقدا روودەدات، ئەوا ئەم رووداوانە پەیوەستن بەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدات، واتە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم پەیوەندییە ناکرێت شرۆڤەکاری بۆ پرسەکە بکەین. ئاشکرایە لە ئێستادا ململانێیەکی زۆر بەهێز لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە، ئەم ململانێیەش پەیوەستە بەو پلانەی دانراوە بۆ گۆڕانکاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم دوو هێزە دەیانەوێت دەسەڵات و هەژمونی خۆیان بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بچەسپێنن، ئەم ململانێیەش زادەی چەند رۆژ و مانگێك نییە و بگرە نزیکەی ٢٠ ساڵە لە ئارادایە.

**● پرسی دیموکراسی لە عێراقدا**

ئێمە دەزانین کاتێك ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی ئەو کاتەی عێراقی رووخاند، رایگەیاند کە ئامانجەکەی هێنانەئارای دیموکراسی و ئازادییە لەو وڵاتەدا، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەمە نەهاتەدی. هۆکارەکەش ئەوەبوو کە ئەمریکییەکان هەندێ مەسەلە و پرسیان بە هەند وەرنەگرتبوو، وەك مەسەلەی نەتەوایەتی و تایفەگەری. ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە دوای رووخانی رژێمەکە دیموکراسی لەو وڵاتەدا بێتەدی. بەڵام ئەوە



پ.د. شێرزاد نەجارٍ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بوو لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ ململانێی تایفەگەری لە عێراقدا رووی دا. دواتر پرسی چەسپاندنی هەژمونی شیعە هاتەئاراوە، بەتایبەتی لە سەروەختی دەسەڵاتی مالیکیدا، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی بایەخ بە پرسەکانی دیموکراسی و ئازادی نەدەن، بەڵکو سەرقاڵی ئەوە بوون چۆن ئەم دەسەڵاتە نوێیە بچەسپێنن، ئەم دەسەڵاتەش کێشەی هەبوو لەگەڵ دیموکراسی، واتە کێشەیەکی فیکری و فەلسەفی هەبوو لەگەڵ دیموکراسیدا و خەمی ئەوان تەنیا دەسەڵات بوو و پرسەکانی دیکە بەلای ئەوانەوە مەسەلەی لاوەکی بوون. ئەوە بوو ئەو فشارەی لەسەر میللەت هەبوو، بەوەی تەنیا دەتوانێت لە رێی هەڵبژاردنەوە دیموکراسی بچەسپێنێت، ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو و دەرکەوت ناکرێت دیموکراسی تەنیا بە رێگەی هەڵبژاردن بچەسپێت، چونکە دیموکراسی پەیوەندی بە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام ئەم مەسەلانە نەبوونە جێی بایەخی ئەوان. ئەم مەسەلەیەش لە هەندێ وڵاتی ئەمریکای لاتین و ئاسیا روویدا کە پێی دەوترێت قۆناغی راگوزەری و ئەم قۆناغەش لە عێراقیشدا دەستی پێ کرد و تێڕوانینەکە ئەوە بوو تەنیا هەڵبژاردن دەتوانێت دیموکراسی بەدی بێنێت. ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی ئازادی و هەلی کاری دەویست و ئەوان نەیانتوانی دابینی بکەن. ئەمە لە کاتێکدا عێراق بودجەیەکی زەبەلاحی هەبوو و ساڵانەی بودجەکەی دەگەیشتە ١٥٠ ملیار دۆلار، بەڵام دوایین ئامار ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە نزیکەی ٧٥٠ ملیار دۆلار لە عێراق چۆتە دەرەوە. هەموو ئەمانە فاکتەرن

**لە ئێستادا ململانێیەکی زۆر بەهێز لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە، ئەم ململانێیەش پەیوەستە بەو پلانەی دانراوە بۆ گۆڕانکاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم دوو هێزە دەیانەوێت دەسەڵات و هەژمونی خۆیان بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بچەسپێنن**

**دوایین ئامار ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە نزیکەی ٧٥٠ ملیار دۆلار لە عێراق چۆتە دەرەوە. هەموو ئەمانە فاکتەرن و کە پەیوەندییان هەیە بەو جموجووڵانەی کە ئێستا لە بەغدا و ناوەڕاستی عێراقدا روو دەدەن**

**لە ئێستادا سیستمی سیاسی عێراق دوچاری ئیفلیجی و شۆک بۆتەوە. بە چەشنێک نابێت ئێمە لەو بڕیارانە بڕوانین کە دەرکراون، چونکە ناتوانرێت ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکرێن**

**تەنانەت ئەگەر ئەم جموجووڵانە رابوەستن، ئەوا شەقاربوونێکی گەورە لە سیستمی سیاسیی عێراق دروست بووە کە پێویستی بە چاکسازی هەیە**

و پەیوەندییان هەیە بەو جموجووڵانەی کە ئێستا لە بەغدا و ناوەڕاستی عێراقدا روو دەدەن.

## ● خۆپیشاندانەکان و شەقاربوونی سیستمی سیاسی لە عێراقدا

لە ئێستادا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: ئایا ئەم رووداوانە بەردەوام دەبن و ئایا بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن؟ ئەگەر لە دروشمەکانی خۆپیشاندەران بڕوانین، ئەوا ئەوان دەڵێن کە ئێمە نانمان ناوێت و کارمان ناوێت، بەڵکو وڵاتمان دەوێت، ئەمە ئەو راستییە دەردەخات کە گەنجەکان هەست ناکەن وڵاتیان هەیە، چونکە ئەگەر وڵات هەبێت، ئەوا پێویستە بایەخ بە گەنجان و بە میللەت و کاروباری خەڵك بدات. کەواتە کێشەکە لە دەسەڵاتی سیاسیدایە، بگرە دەتوانین ناوی کەسەکان بهێنین و بڵێین خودی عادل عەبدولمەهدی پاشخانێکی دیموکراسی نییە و باوەڕی بە ئایدیای شمولی هەیە، چ چەپ، چ راست و چ ئایینی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کەسێکی ئاوا چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت دیموکراسیەت بچەسپێنێت؟ کەواتە بەردەوامبوونی ئەم جموجووڵانە پەیوەندیدارە بەو فاکتەرانەی کە پەیوەستن بە پرسی دیموکراسی و ئازادی. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکرێت ئایا تا کەی ئەم جموجووڵانە بەردەوام دەبن؟ ئەوا وەڵامەکە هەر چییەك بێت، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکەین دەرئەنجامێکی گرنگ هاتەدی، ئەویش بریتی بوو لەوەی کە میللەت دەنگی خۆی بەرز کردەوە و ئەمەش پەرەسەندنێکی گرنگە کە پەیوەندیی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی نەیتوانی ئەم دەنگە لاواز بکات و بووە شۆکێك لە نێو پەیکەربەندیی سیستمی سیاسی، لە ئێستادا سیستمی سیاسی عێراق دوچاری ئیفلیجی و شۆك بۆتەوە. بە چەشنێك نابێت ئێمە لەو بڕیارانە بڕوانین کە دەرکراون، چونکە ناتوانرێت ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکرێن و تەنانەت ئەگەر ئەم جموجووڵانە رابوەستن، ئەوا شەقاربوونێکی گەورە لە سیستمی سیاسیی عێراق دروست بووە کە پێویستی بە چاکسازی هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو کەسانە دەتوانن ئەو چاکسازییانە جێبەجێ بکەن؟ بێگومان ئەگەر لە پاشخانیان بڕوانین، ئەوا ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن. من پێم وایە دەبێت گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە فیکر و فەلسەفەی دەسەڵاتی سیاسی رووبدات و دواتر ئەمە لە جێبەجێکردندا رەنگ بداتەوە. کەواتە ئێستا دۆخێك دروست بووە کە ناکرێت بە دیاریکراوی دەستنیشانی ئەوە بکەین کە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات. بەڵام دەتوانین بڵێین دۆخی دوای ئۆکتۆبەر دۆخی پێش ئۆکتۆبەر نییە و ئەمەش دەرئەنجامێکی گرنگە کە بەدی هاتووە.

## ● پێگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق

عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی وڵاتێکە کە لە ماوەی دوو هەفتەدا ٣٠٠ کەس کوژراون و نزیکەی ١٥ هەزار کەسیش بریندار بوون و لە هەر وڵاتێکی دیکەدا بوایە، دەبوو دەست لەکار بکێشێتەوە. ئێمە بینیمان سەعد حەریری سەرۆکی وەزیرانی لوبنان دەستی لەکار کێشایەوە، لە کاتێکدا هیچ خۆپیشاندەرێك نەکوژرا و توانیی جووڵەیەکی نوێ بخانە نێو وڵاتەکەوە و حزبوڵاشی ئیحراج کرد. بەڵام مانەوەی عادل عەبدولمەهدی بە شێوەیەك دەبێت کە ئەو دەسەڵاتێکی هەیە پەیڕەوی لە دیموکراسی و ئازادی ناکات و لە هەمان کاتدا هێزیشی نامێنێت، دواتر کاراکتەری عەبدولمەهدی کاراکتەرێکی شمولییە و کێشەی ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لەگەڵ دەسەڵاتی عێراقدا ئەوەیە کە باوەڕیان بە شمولیەت هەیە و ئێستاش ئەمە لە هەوڵی هەموارکردنی دەستووردا بەدی دەکرێت، کە کێشە نییە ئەگەر لە چوارچێوەی دیموکراسیدا سیستمەکە لە پەرلەمانییەوە بکەیتە نیمچە پەرلەمانی، یان سەرۆکایەتی، بەڵام ئەگەر هەوڵی گۆڕینەکە لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی بە چەشنی ئەوە بێت کە لە ئەڵمانیا و لەلایەن نازییەکانەوە روویدا، ئەوا کێشەیەکی گەورە دروست دەبێت، واتە ئەگەر بە نییەتی ئەوە بێت کە ئەگەر عادل عەبدولمەهدی، یان گرووپەکەی لە دەسەڵاتدا بمێنن و حوکمڕانی بکەن، ئەوا کارەساتێکی دیکە روودەدات و ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو قوربانییانەی دراون، رەنگدانەوەی نەبووە لای دەسەڵاتی سیاسی. کەواتە بەپێی یاساکانی زانستی سیاسی و یاساکانی مێژوو،

نابێت کەسێکی وەك عادل عەبدولمەهدی لە دەسەڵاتدا بمێنێت، بە مانایەکی دیکە ئەگەر بمێنێت، ئەوا دژی شەپۆلەکە دەڕوات.

**● هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لە ئاست ڕووداوەکانی عێراقدا**

هەموو ئەو پرسانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، دەمانخەنە بەردەم ئەو پرسیارەی ئایا هەڵوێستی ئێمە چۆن دەبێت لە ئاست ئەم جموجوولانەدا؟
- کە بینیمان سەرۆکی هەرێم لە دیداری میری زۆر بە دیققەتەوە ئەم مەسەلانەی دەستنیشان کرد- پێش ئەوەی وەلامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوا دەبێت بڵێین کە ئێمە تا ئێستا بزووتنەوەی رزگاریخوازین و تا ئێستا ئێمە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و قەوارەیەکی بەهێز نەچەسپاوین، واتە ددانی پێدا بنێن، یان نا، ئەوا ئێمە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیداین و قۆناغی شۆڕشگێڕی تەواو نەبووە، واتە راستە دامەزراوەمان هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی کاری ئێمە هێشتا بزووتنەوەی رزگاریخوازییە، ئەگەر بێینە سەر وەلامی پرسیارەکەش ئەوا من پێم وایە دەبوو ئێمە هەڵوێستی پشتیوانیمان هەبووایە — چ حزبی و چ حکوومی- لەو خۆپیشاندانانە و لە داواکارییەکانیان، نەك تەنیا پشتیوانی لە عادل عەبدولمەهدی بکەین، کە من پێم وایە کارتی عادل عەبدولمەهدی سووتاوە و یان لە ئایندەیەکی نزیکدا دەسووتێت و، پێم وایە ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی لە ئارادایە چیتر ناکرێت بەو شێوەیەی ئێستا حوکمڕانی بکات.

**● تا چەند کورد پێگەی خۆی لە بەغدا فەرامۆش کردووە؟**

ئەوەی پەیوەندی هەیە بە پرسی ئەوەی ئایا ئێمە پێویستە لە بەغدا بین و وجوودمان هەبێت لەوێ، ئەوا پێم وایە بەڵێ، دەبێت بوونێکی بەهێزیشمان هەبێت، هەروەك جەنابی سەرۆکی هەرێمیش ئاماژەی بەم خاڵە کردووە، واتە ئێمە خۆمان دۆخی خۆمان فەرامۆش کردووە لە بەغدا، ئەمە لە کاتێکدا بەغدا چەقی بڕیاردانە. واتە تاوەکو ئێمە لەگەڵ بەغدا بین، دەبێت کاریگەریمان هەبێت لەسەر ئەو بڕیارە سیاسییانەی لە بەغدا دەردەچن، کەواتە ئەوە ئێمەین کە ئەم پرسەمان فەرامۆش کردووە، ئێمە دەتوانین لە نوێنەرەکانمان لە بەغدا بڕوانین و بۆمان دەربکەوێت کە ئایا ئێمە چ گرنگییەکمان داوە بە پێگەی هەرێم لە بەغدا، هەروەها با ئێمە بڕوانین بزانین وەزیرەکانمان چ بەرهەمێکیان هەبووە. کەواتە دەردەکەوێت کە ئێمە ناتوانین پێگەی بەهێزمان هەبێت ئەگەر بێت و ئێمە سەرقاڵی پرسی لاوەکی بین، لەم روانگەیەوە دەبێت ئێمە بوونمان هەبێت لە بەغدا و پارێزگاری بکەین لەو مافانەی بە هەرێم دراون. دەبوو نوێنەرەکانی ئێمە لە بەغدا بەربەست بوونایە لەبەردەم دەرچوونی هەندێ بڕیار، بەڵام لەبەر ئەوەی لاوازن، ئەوا ئەم کارەیان پێ نەکراوە و بگرە لە هەندێ کۆبوونەوە هەر ئامادەش نەبوون.

**● یەکهەڵوێستیی کورد هەنگاوی عەمەلی پێویستە**

یەکدەنگیی کورد زۆر پێویستە، ئەگەر ئێمە لەم رووەوە ئاوڕ لە هەندێ ئەزموون بدەینەوە، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە ئەزموونی نەمسا بکەین لە ساڵی ١٩٤٥ کە ئەو کاتە سەرجەم سەرۆك حزبەکان لە زیندانەکانی نازییەکاندا بوون و هەر لە زینداندا ئەم حزبانە — بە حزبی شیوعیشەوە- رێککەوتن لەسەر چەند پرەنسیپێکی بنەڕەتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت وەك دیموکراسی و فیدراڵی و مافەکانی مرۆڤ و دامەزراندنی حکومەتێکی بنکەفراوان، ئەوە بوو دوای رزگاربوونیان لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تاوەکو ١٩٥٥ سەرجەم حزبەکان بەشدارییان کرد لە پێکهێنانی حکومەتەکاندا، واتە کاتێك لە ساڵی ١٩٥٥ گەیشتنە دەوڵەتێکی سەربەخۆی بەهێز، هەر حزبە و بەپێی هێز و سەنگی خۆی بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و ئەوە بوو شیوعییەکان لە نێو حکومەتدا نەمان، چونکە لاواز بوون. کەواتە من دووپاتی دەکەمەوە یەکدەنگی پێویستە، بەڵام دەبێت بە عەمەلی بکرێت و تەنیا لە چوارچێوەی قسەدا نەمێنێتەوە.

**● بێدەنگیی سوننە و لاوازکردنی هێزی شیعە**

بێدەنگیی سوننە بێدەنگییەکی بەئەنقەستە، چونکە پلانەکە بەم شێوەیەیە کە تەنانەت پێویستە کوردیش بێدەنگ بێت، مەبەستم ئەوەیە پلانەکە ئەوەیە کە هێزی شیعە پەرت و بڵاو بێت و دابەش بێت و ئەمریکییەکانیش گەیشتنە

**عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی وڵاتێکە کە لە ماوەی دوو هەفتەدا ٣٠٠ کەس کوژراون و نزیکەی ١٥ هەزار کەسیش بریندار بوون و لە هەر وڵاتێکی دیکەدا بوایە، دەبوو دەست لەکار بکێشێتەوە**

**کێشەی ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لەگەڵ دەسەڵاتی عێراقدا ئەوەیە کە باوەڕیان بە شمولیەت هەیە و ئێستاش ئەمە لە هەوڵی هەموارکردنی دەستووردا بەدی دەکرێت**

**ئەگەر عادل عەبدولمەهدی، یان گرووپەکەی لە دەسەڵاتدا بمێنن و حوکمڕانی بکەن، ئەوا کارەساتێکی دیکە ڕوودەدات و ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو قوربانییانەی دراون، ڕەنگدانەوەی نەبووە لای دەسەڵاتی سیاسی**



ئەم ئامانجە، چونکە ئەمریکا نزیکەی هەشت ساڵە لەسەر ئەم پرسە کار دەکات بۆ ئەوەی هێزی شیعە لاواز بکات ئەو لاوازکردنەش بە دابەشکردن دەکرێت، دابەشبوونەکەش روویداوە، چونکە کوشتار کەوتۆتە نێوانیان و دیاریش نییە کەی یەکدەگرن و بەو پێیە هێزیان لە نێو حکومەتی عێراق، یان دەوڵەتی عێراقی لاواز دەبێت.

**● پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور**

ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور، ئەوا دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە گرنگ ئەوەیە بزانین کێ لە پشت دەستوورە، واتە لێرەدا گرنگ دەسەڵاتە سیاسییەکەیە و ئەو بیروبۆچوونانەیە کە دەسەڵاتە سیاسییەکە هەڵگریەتی. لێرەدا مەسەلەکە پەیوەست نییە بەوەی لێژنەیەك دابنرێت و دەستوورەکە بنووسێتەوە، چونکە ئەو لێژنەیەی دەستوور دەنووسێتەوە خۆی خاوەنی فیکرە و بۆچوونەکە نییە، بەڵکو دەسەڵاتە سیاسییەکەیە، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین کە پێویستمان بە دەسەڵاتی سیاسی هەیە کە باوەڕی بە دیموکراسی و بەو بنەمایانەی نێو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هەبێت کە پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤەوە. هەرچەندە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەندێ مەسەلە هەن کە ئەگەر بێت و دەستکاری بکرێن، ئەوا بناغەی سیستمە سیاسییەکە دەگۆڕێت. دواتر زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە مافەکانی کورد لە دەستوور دەستکاری نەکرێت، بەڵام دەبێت ئەوە روون بێت کە لە دەستووردا دەستەواژەیەك نییە بە ناوی مافەکانی کوردەوە، یەك مادده هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم بڕیارانەی لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تاوەکو ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستان دەرچووە، وەك بڕیاری شەرعی لێیان دەڕوانرێت، بەڵام دەکرێت ئێمە بڵێین نابێت ئەو دەقانەی پەیوەندییانە بە مافەکانی هەرێمەکانەوە هەیە، دەستکاری بکرێن، واتە دەبێت داوای ئەوە بکەین دەسەڵاتی هەرێمەکان کەم نەکرێنەوە، چونکە ئەگەر تەنیا ئاماژە بە مافی کورد بکرێت، ئەوا رەنگە رەگەزپەرستی و کاردانەوە دروست بێت، بەڵام ئەگەری باس لە مافی هەرێمەکان بکرێت، ئەوا ئەگەری

**دەبوو نوێنەرەکانی ئێمە لە بەغدا بەربەست بوونایە لەبەردەم دەرچوونی هەندێ بڕیار، بەڵام لەبەر ئەوەی لاوازن، ئەوا ئەم کارەیان پێ نەکراوە و بگرە لە هەندێ کۆبوونەوە هەر ئامادەش نەبوون**



ئەوە هەیە پشتیوانی و هاوسۆزی بۆ ئەم داوایە دروست بێت.

## ● دامەزراوەکانی عێراق و قەیرانی سیاسی

ئێستا جەماوەری عێراق داواکاری بەهێزی هەیە و پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا دامەزراوە سیاسی و دەستوورییەکانی عێراق توانای لەخۆگرتنی ئەو داواکارییانەیان هەیە؟ وەڵامەکە نەخێرە، لێرەدا وەك هەنتنگتن ئاماژی پێ دەکات، قەیرانی سیاسی دروست دەبێت و بگرە قەیرانێکی سیاسیی نائاسایی دروست دەبێت و ئایا سیستمی سیاسی توانای چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەی هەیە؟ وەڵامی ئەوەش هەر نەخێرە، چونکە ئەو توانایەی نییە، یان زۆر لاوازە، کەواتە داکشانەکە روودەدات، بەڵام تا رادەیەك دوور دەبێت لە ئاستی رووخان.

## ● عێراق بەرەو داکشان، یان دارووخان

هەموو ئەو پرسانەی خرانەڕوو دەمانبەنەوە سەر پرسی داکشان، یان دارووخانی دەوڵەت کە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە لە زانستی سیاسیدا باسی لێوەکراوە و پەیوەستە بە دارووخانی دامەزراوەکان و باڵکێشانی پشێوی بەسەر دۆخەکەدا و ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت: ئایا چاوەڕوان دەکرێت عێراق بگاتە ئاستی رووخان؟ ئەوا من پێشبینی ئەمە ناکەم، واتە رەنگە بەرەو لاوازی و ئەو حاڵەتە بڕوات کە پێی دەڵێن دەوڵەتی شکستخواردە، بەڵام ناگاتە حاڵەتی رووخان، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو کاتەش ناتوانرێت کۆنترۆڵی پشێوییەکە بکرێت، کەواتە رەنگە ئەمە- رووخانی دەوڵەت- ئەگەرێکی دوور بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هات و ئەمە روویدا، پێویستە هەرێمی کوردستان چی بکات، من پێم وایە ئەمە ئەگەرێکە تەنانەت هێزە گەورەکانیش مامەڵەیان لەگەڵ ئەم گریمانەیە نەکردووە. پێشتر دوو کەس ئاماژەیان بەم حاڵەتە کردووە، پیتەر گالبرێس لە کتێبی کۆتایی عێراق و فولەریش کاتێك ئەو پرسیارەی وەڵام داوەتەوە کە ئایا عێراق تاوەکو ساڵی ۲۰۱۰ بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە؟ لەبەر ئەوە ناوەندەکانی توێژینەوە لە ئەمریکا باسی ئەگەری دارووخانی دەوڵەتی عێراق ناکەن.

**زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە مافەکانی کورد لە دەستوور دەستکاری نەکرێت، بەڵام دەبێت ئەوە روون بێت کە لە دەستووردا دەستەواژەیەک نییە بە ناوی مافەکانی کوردەوە، یەک مادده هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم بڕیارانەی لە ساڵی ۱۹۹۲ەوە تاوەکو ۲۰۰۳ لە هەرێمی کوردستان دەرچووە، وەک بڕیاری شەرعی لێیان دەڕوانرێت**

دانا عەبدولکەریم حەمە ساڵح
وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# پلانمان بەو جۆرەیە کە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا ١٢ هەزار یەکەی نیشتەجێ بۆ خەڵکی کەمدەرامەت تەواو بکەین

■

**هەموو رێگە سەرەکییەکانی نێوان شارەکانی کوردستان و دەروازە سنوورییەکان دەکەینە دووساید**

■

**بەرنامەی چوار ساڵی داهاتووی وەزارەت لەسەر رەهەندە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی نوێیەم داڕێژدراوە**

■

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگانەی کە بەشێکی گرنگی کارەکەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێیە و ئەوەش پەیوەندیدارە بە هاوولاتیانی کەمدەرامەت و کرێنشینەوە، بەشە گرنگەکەی دیکەی کاری ئەم وەزارەتە پەیوەندیدارە بە ئاسانکاری بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان و ئەنجامدانی ئەو پڕۆژە ستراتیژییانەیە کە بوارەکانی رێگەوبانەکان و هێڵی شەمەندەفەڕ و تەلار و باڵاخانەی گشتی دەگرێتەوە، لەمەش زیاتر دەکرێت بڵێین یەکێك لە هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی لەم وەزارتەوە دەستی پێ کرد، کە ئەویش نۆژەنکردنەوەی تەواوی رێگاکانی نێوان شار و شارۆچکەکانی کوردستانە، ئێستا کار بۆ ئەوە دەکەن کە لە ئایندەیەکی نزیکدا تونێلی مەسیف — شەقڵاوە تەواو بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر بەرنامەی چوار ساڵی داهاتووی ئەم وەزارەتە گرنگە، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئەنجام دا، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



*** بەشێکی گرنگی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دەستی پێ کرد، کە ئەویش تەرخانکردنی بڕێك پارە بوو بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی کوردستان پێش وەرزی باران بارین، هەروەها تەرخانکردنی بڕێك پارە بوو بۆ تەواوکردنی تونێڵی مەسیف – شەقڵاوە، ئایا ئەم پڕۆژانە گەیشتوونەتە کوێ و تاچەند ڕێگاوبانەکان چاك کراونەتەوە و ئایا لەکاتی خۆیدا تەواو دەکرێن؟**

- دوای یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی راویژکاریمان لەسەر ئاستی وەزارەت گرێ دا و لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەرە گشتییە پەیوەندیدارەکانمان راسپارد بەپەلە دەرخستەیەك ئامادە بکەن بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگا سەرەکییەکانی هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دوای تەواوبوونی دەرخستەکان، پێشکەشی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانم کرد و جەختم لەسەر ئەوە کردەوە ئەگەر پەلە نەکرێت لە چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان، ئەوا لە وەرزی بەفر و باران بارین لەوانەیە بەشێك لەو ڕێگایانە نەتوانرێت هاتوچۆی پێدا بکرێت، بێگومان سەرۆکی حکومەتیش بە سوپاسەوە رەزامەندی پیشان دا لەسەر تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەو پرۆژانە و بڕی ٤٠ ملیار دیناری بۆ تەرخان کرد، دوای ئەمەش دەستمان کرد بە دانانی پلانێك بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان، ئەوە بوو پارێزگای دهۆکمان کردە ٨ زۆن و پارێزگای هەولێر ٦ زۆن و پارێزگای سلێمانیش ٦ زۆن و ئەمانە درانە بەڵێندەرەکان و هەر بەڵێندەرێك لە زۆنەکانی خۆیان بەپێی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵیان ئەنجامدرابوو و بەپێ ئەو دەرخستانەش کە بۆ پڕۆژەکان ئامادە کرابوو، دەستیان بە کارەکانی خۆیان کرد کە سەرجەمی ئەو پرۆژانە لە سەرووی ٧٠ پڕۆژەن و هەموو پڕۆژەکان ڕێژەیەکی باش کاریان تێدا ئەنجام دراوە بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە لەسەر پڕۆژەکان بەدەستمان دەگات و بەپێی ئەو سەردانە مەیدانییانەش کە خۆم بۆ سەر پڕۆژەکان دەیکەم، بە ئومێدین زۆربەی زۆری پڕۆژەکان کە لە ٧٠ رۆژی یەکەمی بۆ تەرخان کراوە، تەواو دەبن و ئەو ڕێگایانەی دەرەوەی شارەکان بە تەواوی نۆژەن دەکرێنەوە. سەبارەت بە تونێلی مەسیف – شەقڵاوەش کە پێشتر بە هۆی قەیرانی داراییەوە کاری تێدا راوەستابوو، بۆ ئەمەشیان سەرۆکی حکومەت رەزامەندی دا بۆ تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ دەستبەکارکردنەوە لە تونێلەکە بۆ ئەوەی لە نزیکترین کات هەموو کارەکانی ئەو تونێلە تەواو بکرێت تاوەکو بتوانین لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو بیخەینە خزمەتی هاووڵاتیانەوە.

**بەرنامەی کابینەی نۆیەم بەو شێوەیە داڕێژدراوە کە چاکسازییەکان بچنە بواری جێبەجێکردن و ئەو بوارانەش کە پێویستە چاکسازی تێدا بکرێت، بە راشکاوی دیاری کراون**

*** دیارە لەماوەی یەك دوو مانگی یەکەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان، داوا لە هەموو وەزارەتەکان کرابوو کە بەرنامەیەك بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئامادە بکەن، بە حوکمی ئەوەی کارەکانی ئەم وەزارەتە راستەوخۆ پەیوەندی بە هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە، ئایا دەکرێت رەهەندە گشتییەکانی ئەم بەرنامەیە بۆ هاووڵاتیان باس بکەیت؟**

- بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە لە پەرلەمان خوێندرایەوە، بە شێوەیەکی زۆر تایبەت ئەم بەرنامەیە بەو شێوەیە داڕێژدراوە کە چاکسازییەکان بچنە بواری جێبەجێکردن و ئەو بوارانەش کە پێویستە چاکسازی تێدا بکرێت، بە راشکاوی دیاری کراون، هەر لەم چوارچێوەیەشدا هێڵە گشتییەکانی بەرنامەکە گرنگێکی زۆری بەو پرسە داوە کە ئێمە هەموومان وەك یەك تیم پێکەوە کار بکەین، بۆ ئەوەی ئەو هێڵە گشتییانەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان خوێندیەوە تا تەواوبوونی ماوەی کابینەکە، بەشێکی هەرە زۆری ئەو کارنامەیە جێبەجێ بکرێت، ئێمەش وەك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەر لەسەر بنەمای ئەو هێڵە گشتییانەی بەرنامەی نوێ بەرنامەی خۆمان بۆ چوار ساڵی داهاتوو داڕشتووە و پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە و ئێستا چاوەڕێی ئەوەین لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند بکرێت، بەرنامەکەشمان بۆ چوار ساڵی داهاتوو جەختی کردووەتە سەر:

**بەرنامەمان داناوە چەند گوندێکی هاوچەرخ لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان دروست بکەین کە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تێدا بێت**

١. سەرجەم ڕێگا دوو سایدەکانی نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان تەواو بکرێن.
٢. سەبارەت بەبواری نیشتەجێکردن، بەرنامەمان داناوە کە لەماوەی چوار ساڵی داهاتوو هەموو ئەو پرۆژانەی نیشتەجیکردن کە لەساڵانی ڕابردوو کە دەستیان پێ کراوە، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی وەستاون، بیانخەینەوە کار و جێبەجێ بکرێن کە ئەمانەش نزیکەی ٩ هەزار یەکی نیشتەجێبوونە.
٣. هەر لەبواری نیشتەجێکردن، سەرەڕای ئەو ٩ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونە لە پلانمان هەیە بۆ دروستکردنی ٣ هەزار یەکەی دیکەی نیشتەجێبوون، ئەمەش واتە تا کۆتایی کابینەی نۆیەم ١٢ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون ئامادەبێت و پێشکەش بە خەڵکی کەمدەرامەت بکرێت لە هەرێمی کوردستانە .
٤. خالێکی دیکە کارنامەی وەزارەت بریتییە لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمەش بەرنامەمان داناوە لەگەڵ باشبوونی دۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەند گوندێکی هاوچەرخ لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان دروست بکەین، ئەمەش واتە هەر چەند گوندێکی نزیك لەیەك، شوێنێکیان بۆ دیاری بکرێت و گوندەکی هاوچەرخی تیا دروست بکرێت کە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی لە قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و باخچەی ساویان و پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی تێدا بێت، ئەمە سەرەڕای مانەوەی خانووەکانیان لە گوندەکانی پێشووی خۆیان کە لە کاتی کشتوکاڵکردن بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

*** ئایا جیاوازیی نێوان ئەو یەکە نیشتەجێینانە چین کە کەرتی تایبەت دروستیان دەکات و ئەوەی ئێوە وەك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دروستیان دەکەن؟**

- ئەو یەکەی نیشتەجێیانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دروستی دەکات بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەتە و بەپێی یاسایەکی تایبەت دروست دەکرین کە بۆ چارەسەری ئەو پرسە دەرچووە، بەڵام هاوکات لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو بە هەزاران یەکەی نیشتەجێبوونیش لە ڕێگەی دەستەی وەربەرهێنانەوە دروست کراون، بەڵام ئەو یەکانە نرخەکانیان زۆر لەو یەکەی نیشتەجێیانە گرانترە کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دروستیان دەکات. بۆیە ئێمە وەك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە داڕشتنی ئەوەین کە داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکەین، یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنە و نیشتەجێکردن هەموار بکرێتەوە، بە شێوەیەك کە لەمەودوا کۆنترۆڵی نیشتەجێکردن لەلای وەزارەتی ئاوەدانکردنەو نیشتەجێکردن بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هەم کۆنترۆڵی چۆنیەتی و چەندایەتی یەکەکانی نیشتەجێکردن بکات، هەم بەپێی سیاسەتێکی دروست ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت، کە دواجاریش سوودی ناپێویست بۆ هەندی کەس نەڕوات و بەرژەوەندیی گشتی تێدا زەرەرمەند بێت، ئەمەش پەیوەندی بە هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەت هەیە، بەمەش ئێمە هاوکارێکی باش دەبین بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دروست دابنین بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی کرێنشینان.

*** پێشتر ئەم وەزارەتە دوو وەزارەت بوو بە ناوەکانی (ئاوەدانکردنەوە و ئیشغال و نیشتەجێکردن) بەڵام لە کابینەی پێنجەم بووە یەك وەزارەت، ئەو کاتەی کە دوو وەزارەت بوو، پرۆژەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن کارمەندان و ئەندازیارانی هەردوو وەزارەتەکە جێبەجێ دەکران، بەڵام لە دوای تێکەڵبوونەوەیان، جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ کەم بووەوە و درانە دەستی کەرتی تایبەت، ئایا لە بەرنامەی چوار ساڵی داهاتووتان هەیە، جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ فراوان بکەنەوە؟**

- لە ساڵانی ڕابردوو سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوجۆرە بووە کە کەرتی تایبەت هاوکاریی کەرتی گشتی بکات و بە ڕێگەی بەڵێندەرەکان پرۆژەکان جێبەجێ بکرێن، بەڵام وێڕای ئەمەش ئێستاش هەندی پرۆژەمان هەیە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێن، ئەمەش بەو مانایەی هەر پرۆژەیەك بودجەکەی تا یەك ملیار دینار بێت، بە شێوەی ڕاستەوخۆ جێبەجێیان دەکەین، لەمەشدا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەزموونی باشی هەیە، بەڵام پرۆژە گەورەکان هەمووی لە ڕێگەی بەڵێندەرانی کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ دەکرین،

**لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بە هەزاران یەکەی نیشتەجێبوونیش لە ڕێگەی دەستەی وەربەرهێنانەوە دروست کراون، بەڵام ئەو یەکانە نرخەکانیان زۆر لەو یەکەی نیشتەجێیانە گرانترە کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دروستیان دەکات**

**ئەگەر بتوانین لە ساڵانی داهاتوو کۆمپانیای هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دروست بکەین، لە ڕێگای ئەو کۆمپانییانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی زیاتر بەشدار دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە گرنگ و ستراتیژین لە هەرێمی کوردستان**

هەروەها پلانێکیشمان هەیە ئەگەر بتوانین لە ساڵانی داهاتوو کۆمپانیای هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دروست بکەین، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو کۆمپانییانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی زیاتر بەشداربێت لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی کە گرنگ و ستراتیژین لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە، ئاشکرایە هەندێك یاسا هەیە کە پێویستی بە هەموارکردن هەیە، بۆ ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دەسەڵاتی هەبێت تاوەکو بتوانین لەسەر ئەو سیستەمە کار بکەین.

*** بەشی زۆری پڕۆژە ستراتیژییەکان دەکەونە چوارچێوەی کاری ئەم وەزارەتە، ئایا ئەو پڕۆژە ستراتیژییانەی کاریان تێدا وەستاوە، دەکەونەوە جێبەجێکردن؟ هەروەها پڕۆژە ستراتیژیەکانتان بۆ چوار ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان چین؟**

- پڕۆژە ستراتیژییەکان سەبارەت بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بریتییە لە تەواوکردنی هەموو ڕێگا دوو سایدەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو ڕێگایانە شارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان بە یەکەوە دەبەستێتەوە و هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگای دەروازە نێودەوڵەتییەکانەوە بە دەرەوە دەبەستێتەوە. لەکابینە نوێیەمدا ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی دروست کردوە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بەو پڕۆژانەدا بکرێت کە پێویستە بخرێنەوەگەڕ، لەم چوارچێوەیەدا ژمارەیەکی باش لە پڕۆژە ستراتیژییەکان بودجەیان بۆ تەرخان کراوەتەوە کە لە ئەم ساڵ و ساڵی داهاتوودا کاریان تێدا دەکرێت و بەپێی بەرنامەی خۆی تەواو دەبێت، لەم چوارچێوەیەدا ئێمە لە سیاسەتی ستراتیژیماندا پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییەکانمان بریتییە لە تەواوکردنی ڕێگا دوو سایدەکانی هەرێمی کوردستان.

*** ڕێگای هەولێر – کۆیە کە شادەماری هاتوچۆی نێوان هەولێر و سلێمانییە ئایا ئەو پڕۆژەیە بە کوێ گەیشتووە؟**

- لەم ڕێگایەدا بە دوو ئاراستە کاردەکەین کە ئاراستەیەکیان نۆژەنکردنەوەی ڕێگا کۆنەکەیە لە نێوان هەولێر – کۆیە و کۆیە – دوکان، خۆشبەختانە قۆناغی یەکەمی هەولێر – کۆیە تەواو بووە، ئێستاش کار لە ڕێگای نێوان کۆیە – دوکان دەکەین ئەم قۆناغەش لە ٢٠١٩/١٢/١٥ تەواو دەبێت. ئەمەش واتە ڕێگە کۆنەکەی نێوان هەولێر- سلێمانی کە بە کۆیەدا تێدەپەڕێت، بە تەواوەتی نۆژەن کراوەتەوە، بێجگە لە چەند کیلۆمەترێکی نێوان کەسنەزان هەتا چوارڕێیانی گۆمەسپان، بۆ ئەمەش داوامان کردووە ئەنجومەنی وەزیران بودجەی بۆ تەرخان بکات، بەمە ڕێگە کۆنەکەی هەولێر – کۆیە - سلێمانی نۆژەنکردنەوەکەی تەواو دەبێت، بەڵام پڕۆژەیەکی دیکەشمان هەیە کە ئاراستەی دووەمی ڕێگەی هەولێر – کۆیە - سلێمانییە، ئەو پڕۆژەیە بریتییە لە بە دوو ساید کردنی ڕێگای نێوان هەولێر – کۆیە و دروستکردنی تونێلی هەیبەت سولتان کە ئەم ئاراستەی پڕۆژەیەش لە پێنج قۆناغ پێکدێت، ساڵانی پشتر کاری تێدا کراوە، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە کارکردن تێیدا راوەستاوە و ئێستا لە سێ قۆناغی ئەو پڕۆژەیەوە دەستمان بە کارکردن کردۆتەوە و بە ئومێدین لە ساڵی داهاتوو بودجەی بۆ دابین بکرێت، تاوەکو بە شێوەیەکی خێرا دەست بکەینەوە بە کارەکە، کە دواجار ئەم پڕۆژەیە دوو سایدی هەولێر – کۆیە دەبەستێتەوە بە دووسایدی نێوان سلێمانی – رانیە.

*** ڕێگای دوو سایدی هەولێر - کۆپال و کۆپال – رۆڤیا بڕیار بوو کاری تێدا بکرێت، ئێستا لە چ قۆناغیکدایە و ئایا کارکردن تێیدا بەردەوامە؟**

- ئەو پڕۆژەیە قۆناغێکی باشی بڕیوە و کارکردن تێیدا بەردەوامە، بەشی یەکەمی پڕۆژەکە کە دەکاتە نێوان گۆپال – روڤیا تەواو بووە، کە کۆمپانیای گرووپی کاڤین جێبەجێی دەکات، نێوان هەولێر – کۆپالیش کارکردن تێیدا بەردەوامە و کۆمپانیای هێمن گرووپ ئەو کارە دەکات و لە هەوڵی بەردەوامدان لە کاتی دیاریکراوی خۆی تەواو بێت، تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی بۆ تەواوکردنی ئەو پردەش تەرخان کردووە کە هەر دوو بەری ڕێگا دوو سایدەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

> **لە بەرنامەی کاردا پڕۆژەی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەڕمان دیاری کردووە، هەتا ئێستا ماستەرپلانەکەی لەسەر نەخشەی هەرێمی کوردستان تەواو بووە و دیاری کراوە بە چ ئاراستەیەکە دەڕوات، هاووڵاتیانیش دڵنیا دەکەمەوە ئەو پڕۆژەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە خەونەوە دەبێت بە راستی**

*** بەرنامەیەك هەبوو بۆ دروستكردنی ڕێگەی شەمەندەفەر و بەستنەوەی كوردستان بە یەكەوە بەهۆی ڕێگای ئاسنەوە، ئایا ئەم پرۆژەیە هەر قسەیە، یان هەوڵی بۆ دراوە؟**

- لە بەرنامەی چوار ساڵی داهاتووی وەزەراتدا پرۆژەی دروستكردنی هێڵی شەمەندەفەرمان دیاری كردووە، ئومێد دەكەین لەماوەی چوار ساڵی داهاتووی كابینەی نۆیەمدا دەست بەو پرۆژەیە بكەین، هەتا ئێستا ماستەرپلانەكەی لەسەر نەخشەی هەرێمی كوردستان تەواو بووە و دیاریكراوە بە چ ئاراستەیەكە دەڕوات، بۆ ئەمەش دامانناوە بە سێ قۆناغ پرۆژەكە تەواو بكەین، لە قۆناغی یەكەمدا لەگەڵ چەند كۆمپانیایەكی ڕاوێژكاری قسە دەكەین بۆ ئەوەی بە وردی دیراسەتی پرۆژەكە بكەین و جەدوەی ئابووریی پرۆژەكە بزانین، هەروەها ڕێگە نیشاندەرمان بن بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین و ئاسانترین ڕێگە جیبەجێی بكەین و هەڵەی تێدا نەكەین، دوای ئەمە دەست بە قۆناغی دووەم دەكەین كە بریتییە لەوەی لەگەڵ چەند كۆمپانیایەكی گەورە قسە بكەین سەبارەت بە جێبەجێكردنی پرۆژەكە، بۆ ئەمەش دامانناوە ئەم پرۆژەیە بە هاوبەشی حكومەت و ئەو كۆمپانیا گەورانە بكرێت، پرۆژەكەش بودجەیەكی زۆری پێویستە و لە ئێستادا لە توانای حكومەتی هەرێمی كوردستاندا نییە، بۆیە بیرمان لەوە كردووە بە هاوبەشیی حكومەت و كۆمپانیا گەورەكان جێبەجێ بكرێت. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بكەم، ئەوەیە ئەو هێڵی شەمەندەفەرە تەنیا بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان نییە، بەڵكو بۆ گواستنەوەی كەلوپەل و كاڵای بازرگانی و كشتوكاڵی و پیشەسازی و گەشتیاری و بەروبوومی سووتەمەنی بەكاردێت و دەتوانێت هەرێمی كوردستان بە ئاسانی بە وڵاتانی دراوسێ ببەستێتەوە و پرۆژەیەكی قازانج بەخشە و هەر كۆمپانیایەك ئەنجامی بدات، لە داهاتوودا سوودی زۆری لێ دەبینێت. دەمانەوێت پلانەكەمان بە شێوەیەك دابڕێژین بە سەركەوتوویی كۆتایی پێ بێت و هاووڵاتیانی كوردستان دڵنیا دەكەمەوە ئەو پرۆژەیە دەچێتە بواری جێبەجێكردن و لە خەونەوە دەبێت بە ڕاستی.



● **دانا عەبدولكەریم حەمە سالح**

لەدایكبووی ١٩٧٣ی شاری سلێمانی.

دەرچووی كۆلێژی ئەندازیارییە بەشی شارستانی لە زانكۆی سەلاحەدین لەساڵی ١٩٩٦.

لە بواری ئەندازیاری كاری كردووە تا بواری سیاسی.

سەرەتا لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن دامەزراوە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

لە ساڵی ٢٠٠٧ بەرپرسی هەموو پرۆژەكانی سنووری پارێزگای سلێمانی بووە.

تا ساڵی ٢٠١٤ كە خولێكی دیكەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵبژێردرا هەر لە ئەنجومەنی پارێزگا بووە.

بەرپرسی بەشی حكومەت بووە لە ژووری پەرلەمان و حكومەت لە بزووتنەوەی گۆڕان.

لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی كوردستان بووەتە وەزیری ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن.

ئاشتی حەمید

بەڕێوەبەری ئەندازەی هاتوچۆی هەولێر بۆ گوڵان:

# قەرەباڵغیی شەقامەکان بە سیستمی گواستنەوەی گشتی و دروستکردنی ئۆڤەر پاس و ئەندەر پاس چارەسەر دەکرێت

جەنجاڵی و قەرەباڵغی و خنکاندنی ترافیك لەکاتی دەوامی بەیانیان و ئێوارانـدا بۆتـە دیاردەیەکی بێزارکـەر لـە سـەر شـەقامەکانی هەولێـر و بـە جۆرێکـە کـە هاووڵاتـی ماوەیەکـی زۆری دەوێـت تـا دەچێتـە سـەر کارەکـەی، یـان بـە پێچەوانـەوە کاتێـك بـۆ ماڵەکـەی دەگەڕێتـەوە. بـۆ چارەسـەرکردنی بەهـەدەر چوونی کات و ئـەم کێشـەیە، ئـەو لایەنـە پەیوەندیدارانـەی کـە ئەندامـن لـە لێژنەکانی پارێزگای هەولێـر، پێشـنیاریان کـردووە، چـوار ڕیانـەکان دابخرێـت، ئـەم هەنـگاوە لەگـەڵ ئـەوەی لـە هەندێـك شـوێن تـا ڕاددەیـەك قەرەباڵغییەکـەی کـەم کردۆتـەوە، بـەڵام لـە هەندێـك شـوێنی دیکـە بۆتـە هـۆکاری ئـەوەی قەرەباڵغییەکـە زیاتـر بێـت. بۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەو کێشـە و گرفتانـە ئـەم دیدارەمـان لەگـەڵ ئەندازیـاری ڕاوێـژکار ئاشـتی حەمیـد بەڕێوەبـەری ئەنـدازەی هاتوچـۆی پارێـزگای هەولێـر ئەنجـام داو بەمجـۆرە وەڵامـی پرسـیارەکانی داینـەوە.



*** لە ماوەی یەك دوو مانگی رابردوو ئەندازەی هاتوچۆی هەولێر کۆمەڵێك گۆڕانکاریی زۆر باشی کردووە و گەلێك لە ترافیك لایتەکانی نەهێشتووە، بەو حیسابەی کە قەرەباڵغی و جامبوونی شەقامەکان چارەسەر بکات، ئایا لە سەر چ بنەمایەك ئەو گۆڕانکارییەتان کردووە و تا چەند لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا ئاکامی باشی بەدەستەوە داوە؟**

- بڕیاردان لەسەر داخستنی چوارڕییانەکان لەلایەن لێژنەیەکەوە دەکرێت کە لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە ئاراستە دەکرێت و ئێمەش وەك ئەندازەی هاتوچۆ ئەندامی ئەو لێژنەیەن، ئەم لێژنەیە گەلێك جار بابەتەکانی تایبەت دەبێت بە پەرەپێدان و ڕێکخستنی هاتوچۆی ناو شار، بۆیە پێشنیار دەکرێت کە بە شێوەیەکی ئەزموونکاری بەشێك لەو چوارڕییانە دابخرێن، بۆ ئەوەی بزانرێت سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، یان نە، بۆ ئەم مەبەستە ئێستا (٩) چوارڕێیانمان لە هەولێر داخستووە، بەشێکیان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، وەك چوارڕێیانی عەنکاوە، بەڵام بەشێکی دیکەیان وەك چوارڕێیانی لای بەنزیخانەی ئاکار تا ئێستا دوودڵین لەسەری و هەر بە شێوازی ئەزموونکاری ماوەتەوە و بە تەواوەتی نەبۆتە بڕیار کە ئەو چوارڕییانە دابخرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو چوارڕییانە دوو سووڕانەوەی تێدایە کە یەکێکیان لای قوتابخانەی (ئەحمەدی خانی)ـە و ئەوی دیکەشیان لای (هۆتیل کریستاڵ)ـە، ئەو دوو سووڕانەوەیە جەنجاڵی و قەرەباڵغیی زۆر دروست دەکەن، بۆ نەتوانراوە دوابڕیار لە داخستنی چوارڕێیانی ئاکار بدرێت، سەبارەت بە داخستنی چوارڕێیانی فولکەی زەراعەش، ئەویش تا رادەیەك سەرکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەو چوارڕییانە لەسەر شەقامی ٤٠ مەتریە و

**گرنگە دروستکردنی پردی پەڕینەوە ببێتە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو مۆڵە گەورانەی کە لەسەر شەقامە گشتییەکانن و ئەگەر ئەو هاوکارییە بکەن، هەم پەڕینەوەی هاووڵاتیان ئاسان دەبێت و هەم رووداوی هاتوچۆش کەم دەبێتەوە**

خۆشتان دەزانن شەقامی ٤٠ مەتری بازنەییە، بۆیە بە داخستنی ئەو چوارڕییانە بازنەی شەقامی ٤٠ مەتری لێک جیا کردووەتەوە، واتە ئەویش سەرکەوتوو نەبووە. بۆیە پەنابردن بۆ داخستنی چوارڕییانەکان چارەسەری ریشەیی نییە بۆ جەنجاڵی و قەرەباڵغیی شەقامەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی کارێکی ئاسان و بێ خەرجییە، بە ناچاری پەنای بۆ دەبرێت، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەی قەرەباڵغی و جەنجاڵیی شەقامەکان بدۆزینەوە، ئەوا دەبێت پەنا بۆ دروستکردنی ئەندەر پاس و ئۆڤەر پاس و تونێل و پردی پەڕینەوە ببەین، ئەمەش بودجەیەکی زۆری دەوێت و لەوانەیە لە توانای ئێستای حکومەت گەورەتر بێت.

*** دیارە جەنجاڵی و قەرەباڵغی و خنکاندنی شەقامەکان لە کاتی دەستپێکردنی دەوام و پاش نیوەڕۆش لە دوای کۆتاییهاتنی دەوامەوە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە خەڵکی بە تەواوی بێزار کردووە، ئایا تا چەند ئەم حاڵەتە هەڵوەستەی لەسەر کراوە و بیر لەوە کراوەتەوە بەرنامەی بۆ دابنرێت و چارەسەر بکرێت؟**

- وەک لە پرسیاری پێشوو ئاماژەم پێکرد، چارەسەری ریشەیی بۆ ئەم پرسە، دروستکردنی ئۆڤەر پاس و ئەندەر پاس و هەروەها تونێل و پردی پەڕینەوەیە، ئەمەش ئەرکێکە دەکەوێتە سەر شانی وەزارەتی شارەوانی، ئەوەی دەکەوێتە سەر شانی ئێمە، رێکخستنی هاتوچۆیە و ئەویش دانانی هێماکانی هاتوچۆیە، بێگومان کێشەی جەنجاڵی و قەرەباڵغیی ترافیک، بە تەنیا کێشەی وڵاتی ئێمە نییە، هەر بۆ نموونە لە شارێکی وەک دوبەی کە بە جوانترین شاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، من خۆم لەوێش بینیومە، بەڵام سەبارەت بە جەنجاڵی و جامبوونی ترافیک لە شەقامەکانی هەولێر، چەند هۆکارێک هەن، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

١. لەکاتی دەوامی بەیانیاندا هەموو خەڵک لە یەک کاتدا دێنە دەرەوە و لە یەک کاتیشدا دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

٢. لەبەر ئەوەی سیستمێکی گواستنەوەی گشتیی باشیشمان نییە، ئەوا بەشی هەرە زۆری خەڵکەکە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتیی خۆی دێتە دەرەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو جەنجاڵی و جامبوونە لە شەقامەکاندا رووبدات.

سەبارەت بەم لایەنە ئەگەر تەنیا بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی هاتوچۆ بە نموونە وەربگرین، کە تەنیا ١٠٠ کارمەندمان هەیە، پێش چەند ساڵێک هەر ١٠٠ کارمەندەکە بە پێنج پاس دەهاتن بۆ دەوام، بەڵام ئێستا کەسیان بە پاس نایەن و بە ئۆتۆمبێلی تایبەتیی خۆیان دێن، ئەمەش مانای ئەوەیە لە بری پێنج پاس، ئێستا ١٠٠ سەیارە دێتە دەرەوە.

*** کێشەیەکی زۆر مەترسیدار کە بێ چارەسەر ماوەتەوە، کێشەی ماتۆڕسکیل و ئەو عەرەبانانەن کە بە ماتۆڕسکیل دەڕۆن، دیارە ماتۆڕسایکل لە هەموو وڵاتێک هۆکارێکی گرنگن بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان و کەس داوای ئەوە ناکات، قەدەغە بکرێن، بەڵام نەبوونی بەرنامەش بۆ رێکخستنی هاتوچۆیان و پابەندنەبوونیان بە یاساکانی هاتوچۆ، ئەویش مەترسییەکی گەورەیە، ئایا دەکرێت هۆکارێکی گواستنەوە بەو رێژە زۆرە لەسەر شەقامەکان بوونیان هەبێت و هیچ یاسایەک نەبێت سنووریان بۆ دابنێت؟**

- ئەم پرسە ناکەوێتە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی ئێمە، بەڵام هەفتەی رابردوو بەشداری کۆبوونەوەیەکی پارێزگا بووم، بەڕێزان پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری هاتوچۆی هەولێریش تێیدا بەشدار بوون، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەم گرفتە کرا و بەتایبەتی کە ماتۆڕسکیل و ئەو عەرەبانانەی پێیان دەگوترێت (توک توک) بوونە هۆکاری چەندین رووداوی هاتوچۆ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر دەستی بەسەر نزیکەی چوار هەزار ماتۆڕسکیلی بێ مەنافێست و بێ تابلۆدا گرتووە کە پابەندی یاساکانی هاتوچۆ نەبوون، پاشان ئەو ماتۆڕسکیلانە تێکشکێندراون و پارچەکانی دراونەتە کارگەی شیش دروستکردن، بۆیە پشنیارێک هەبوو کە هەڵمەتێک بکرێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەموو ئەو ماتۆڕسایکلانەی کە مانیفێست و تابلۆیان نییە و پابەندی یاساکانی هاتوچۆ نابن، بەڵام

**لە هەموو رێگاکانی دەرەوەی هەولێر کە ژمارەیان ٥٢ رێگایە و زیاتر لە ٨٠٠ کیلۆمەترە هێماکانی هاتوچۆ دادەنێین**

**پەنابردن بۆ داخستنی چوارڕییانەکان چارەسەری ریشەیی نییە بۆ جەنجاڵی و قەرەباڵغیی شەقامەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی کارێکی ئاسان و بێ خەرجییە، بە ناچاری پەنای بۆ دەبرێت**

**لەبەر ئەوەی سیستمێکی گواستنەوەی گشتیی باشمان نییە، ئەوا بەشی هەرە زۆری خەڵکەکە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتیی خۆی دێتە دەرەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو جەنجاڵی و جامبوونە لە شەقامەکاندا رووبدات**



پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە کاتێکدا هاتنی ماتۆڕسکیل لە خاڵە سنوورییەکان و دەروازەکان قەدەغە کرا، چۆن ڕێگە لەم دیاردە ترسناکە دەگیرێت؟ واتە گریمان هاتنی ماتۆڕسکیل لە خاڵە سنوورییەکان قەدەغە کرا، ئەی ئەو ژمارە زۆرەی لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە دێن، بەتایبەتی عەرەبانەکان کە پێی دەڵێن (توك توك) ئەوە چۆن کۆنترۆڵ بکرێت؟ بۆیە لێرەدا پێشنیاری من ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆ، هەڵمەتێك بکات بۆ ئەوەی ماتۆڕسایکل و ئەو عەرەبانانەش کە ماتۆڕسایکلن، هەموویان مانیفیست دەربهێنن و تابلۆیان بۆ دابنرێت، هەروەها دەبێت ئەو کەسەی ماتۆڕسکیل لێدەخوڕێت، مۆڵەتی لێخوڕینی هەبێت و کڵاوی تایبەتی لەسەر بکەن و بەپێی یاساکانی هاتوچۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

*** لە زۆر وڵات کێشەی جەنجاڵی بە سیستمی گواستنەوەی گشتی چارەسەر کراوە، ئایا ناکرێت ئێمەش ئەم کێشەیە بەو سیستمە چارەسەر بکەین؟**

- سیستمی گواستنەوەی گشتی، ئەرکی وەزارەتی گواستنەوەیە، لەو کۆبوونەوانەش کە ئێمە تێیدا بەشدار دەبین، باس لە سیستمی گواستنەوەی گشتی کراوە، ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتوچۆ ئامادەباشیمان پیشان داوە بۆ ئەوەی هاوکاریی تەواویان بکەین، هەر بۆ نموونە ئێمە پێمان باشە کار لەسەر پڕۆژەی ترام بۆ هەولێر بکرێت، ئەم پرۆژەیە وەك پڕۆژەیەکی گواستنەوەی گشتی کاریگەری گەورەی لەسەر کەمکردنەوەی جەنجاڵی و قەرەباڵغیی شەقامەکان دەبێت، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئێمە ئامادەین بۆ ڕێکخستنی ترافیك هێمای هاتوچۆ دابنین و هاوکاریی تەواوی بکەین.

*** هاتنە ناوەوەی بارهەڵگرەکان لە شەقامی ١٢٠ مەترییەوە بەرەو شەقامی ١٠٠ مەتری لە شەقامی سەرەکیی هەولێر – کەرکووك تا دەگاتە بەردەم بینایەی ئاسایشی گشتی، ئەویش بەیانیان جەنجاڵییەکی زۆر و خنکاندن لەو شەقامە سەرەکییە دروست دەکات، لە ئێستادا کە جوانترین پرد لەسەر شەقامی**



**بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر دەستی بەسەر نزیکەی چوار هەزار ماتۆڕسایکلی بێ مەنافێست و بێ تابلۆدا گرتووە کە پابەندی یاساکانی هاتوچۆ نەبوون، پاشان ئەو ماتۆڕسایکلانە تێکشکێندراون و پارچەکانی دراونەتە کارگەی شیش دروستکردن**

**١٢٠ مەتری هەیە، بۆ ڕێگە دەدرێت ئەو بارهەڵگرانە بەرەو شەقامی ١٠٠ مەتری بێن؟**

- لەسەر جەنجاڵی و قەرەباڵغیی ئەو شەقامە سەرەکییە ئێمە ڕۆژانە بەدواداچوون دەکەین، هۆکاری سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سووڕانەوەیەی لە نزیك بینایەی ئاسایشی گشتی هەیە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم شەقامە ڕێگەیەکی سەرەکیی هاوولاتیانە و قەرەباڵغییەکی زۆری زانکۆی سەلاحەدینی لەسەرە، ئەوا بەیانیان خنکاندن لەناو شەقامەکە دروست دەبێت، بۆیە ئێستا ڕێگە نادرێت بارهەڵگری گەورە بێنە سەر شەقامی ٦٠ مەتری، ئەگەر ڕێگە نەدرێت بەرەو ١٠٠ مەتریش بێن، کێشەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەم خاڵە پەیوەستە بە تەواوبوونی دوابەشی شەقامی ١٢٠ مەتری، ئەگەر لەسەرەتای ساڵی داهاتوو بازنەی شەقامی ١٢٠ مەتری بە تەواوەتی تەواو بێت، ڕێگە نادرێت ئەو بارهەڵگرانە بەرەو شەقامی ١٠٠ مەتری بێن و دەبێت تەنیا بە شەقامی ١٢٠ مەتری تێپەڕن.

*** ئەگەر پرد و تونێلی پەڕینەوە زیاتر بکرێت بۆ پەڕینەوەی هاووڵاتیان لە شەقامەکان، ئایا نابێتە فاکتەرێك بۆ کەمبوونەوەی جەنجاڵی، چونکە زۆر جاران بەتایبەتی لەکاتی دەوامی بەیانیان پەڕینەوەی هاووڵاتیانیش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ئەو جەنجاڵییە؟**

- بۆ ڕێکخستنی پەڕینەوەی هاتوچۆی هاووڵاتیان لە شەقامە گشتییەکان، بە تەنیا ئەمساڵ زیاتر لە ٣٠ هەزار مەتر دووجا، هێڵی سوور و سپیمان لە ١٥٨ شوێن بۆ پەڕینەوەی هاووڵاتیان دروست کردووە، بەڵام دروستکردنی پرد و تونێل بۆ پەڕینەوە، ئەمەیان دەبێت



وەزارەتی شارەوانی بیکات بە پڕۆژە، هەر بۆ نموونە ئێستا چەندین پرد لەسەر شەقامی ٦٠ مەتری و شەقامی شۆڕش دروست کراون و هاووڵاتیان سوودی لێ دەبینن، بەڵام هەندێك تونێلیش دروست کراون، بەداخەوە هاووڵاتی ناتوانێت بۆ پەڕینەوە بەکاری بهێنێت، لەبەر ئەوەی زۆر پیس بوون و پاك نەکراونەتەوە. هەروەها گرنگە دروستکردنی پردی پەڕینەوە ببێتە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەو مۆڵە گەورانەی کە لەسەر شەقامە گشتییەکانن، بۆ نموونە فاملی مۆڵ پردێکی کارەبایی زۆر جوانی دروست کردووە، بۆیە ئەگەر بزنێسمان و خاوەن مۆڵەکان ئەم هاوکارییە بکەن، ئەوا هەم پەڕینەوەی هاووڵاتیان ئاسان دەبێت و هەم رووداوی هاتوچۆش کەم دەبێتەوە.

*** لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار و نێوان شار و شارۆچکەکانی هەولێر هێما و نیشانەکانی هاتوچۆ زۆر کەمە، ئایا لە بەرنامەتاندا هەیە لەم کابینە تازەی حکومەتی هەرێم دەست بکەن بە دانانی ئەو هێمایانەی هاتوچۆ کە پێویستن؟**

- بەرنامەمان داناوە بۆ ئەوەی لە هەموو ڕێگاکانی دەرەوەی هەولێر کە ژمارەیان ٥٢ ڕێگایە هێماکانی هاتوچۆ دابنێین، ئەم ریگایانەش هەمووی پێکەوە زیاتر لە ٨٠٠ کیلۆمەترە و لە هەموویان هێمای هاتوچۆ دادەنێین، لەناو شاری هەولێریش زیاتر لە ٢١ هەزار هێما و نیشانەکانی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکان دانراون، هەروەها دوای ئەوەی چەند رووداوێکی هاتوچۆی ناخۆش لە شەواندا لە شەقامی ١٢٠ مەتری روویاندا، ئێستا هێماکانی سەر ئەو شەقامەشمان زیاتر کردووە.

**ئەمساڵ زیاتر لە ٣٠ هەزار مەتر دووجا، هێڵی سوور و سپیمان لە ١٥٨ شوێن بۆ پەڕینەوەی هاووڵاتیان دروست کردووە، دروستکردنی پرد و تونێلیش بۆ پەڕینەوە، گرنگە وەزارەتی شارەوانی بیکات بە پڕۆژە**

دیمانەی تایبەت



**مایکڵ دێش**

بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نۆتردام بۆ گوڵان:

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا وەک پێشتر گرنگیی نەماوە

**مایکڵ دێش پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی نۆتردام و بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، پێشتریش دوو جار سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان بووە لە زانکۆی ناوبراو. هەروەها بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری ئەنستیتیوتی سکۆکرافت بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بووە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدات. پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە، بە تایبەتی سووریا، بوونە تەوەری ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆر (مایکڵ دێش)دا.**

*** چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڕوانیت لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای بڕیاری مشتومڕهەڵگری ئەم دواییەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەبارەی سووریاوە؟**

- بە تێڕوانینی من ترەمپ شێوازێکی هەڵەی گرتەبەر بۆ ئەنجامدانی کارێکی راست و دروست، راستیی مەسەلەکە ئەوە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوتبووە نێوان دوو هاوپەیمانەوە، لەلایەك کوردی سووریا کە زۆر هاوکار بوون لە شەڕی دژ بە داعشدا و، لە هەمان کاتدا زۆر نزیك بوون لە پەکەکەوە کە تورکیای ئەندامی ناتۆ بە رێکخراوێکی تیرۆریستییان دادەنێت، لەم روانگەیەوە بوونی سەربازانی ئەمریکا لە ناوچە کوردییەکانی سووریا لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا دەبووە هۆی دروستبوونی کێشە لەگەڵ تورکیا، لەبەر ئەوە خۆڕزگارکردن لەم دۆخە رەنگە باشترین بڕیارێك بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوازەی گرتیەبەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە باشترین رێگاچارە نەبوو، بە تایبەتی کە پێشوەختە کورد ئاگادار نەکرابۆوە لەوەی رووددەدات. کەواتە ئەمە بڕیارێکی راست بوو، بەڵام بە شێوازێکی هەڵە پیادە کرا.

*** ئایا رەنگدانەوە و کاریگەریی ئەم بڕیارە لەسەر پێگە و ناوبانگی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا چی دەبێت؟**

- ئەوە راستە کە جێهێشتنی هاوپەیمانەکان کاریگەریی خراپی هەیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە ساڵی ١٩٧٥ دەستی لە هاوپەیمانەکانی لە ڤێتنام هەڵگرت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە کاریگەریی خراپی

**پێدەچێت تورکیا خۆشحاڵ بێت بەوەی کوردی سووریا لەسەر سنوورەکانی دووربخاتەوە، کە وا دەردەکەوێت ئەمانە مەرجە بنەڕەتییەکانی ئاشتی بن لەو ناوچەیەدا. هەرچەندە بۆی هەیە ئەم دۆخەش مایەی کێشە و دژواری درێژخایەن بێت**

**ئەمریکا رۆڵی هەبوو لە ناسەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی ئەسەد و باوەڕی وابوو کە حکومەتێکی میانڕەو جێی ئەسەد دەگرێتەوە، بەڵام ئەمە روویندا، بەڵکو ئەوەی روویدا پارچەپارچەبوونی ئەو وڵاتە بوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی چەندین گرووپی مەترسیدار**

**هەڵەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لەوەدا بوو کە باوەڕی وابوو دەتوانێت کاریگەری لەسەر دۆخی ناوخۆیی ئێران دروست بکات کە لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت**

**ئەم هەڵمەتی ئەوپەڕی فشارەی ئەمریکا، نەبووە هۆی ئەوەی کەسانی میانڕەوی نێو ئێران رۆڵی زیاتریان هەبێت. بە پێچەوانەوە سوپای پاسداران و کەسانی دیکەی سەختگیر لە نێو ئێران بە چەشنی رابردوو جڵەوی کاروبارەکانیان بەدەستەوەیە**

**ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا لەدەست دەدات، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە بۆتە هاوپەیمانی حکومەتێک کە جەماوەر لێی نارازین**

نەبوو لەسەر هاوپەیمانەکانمان و بگرە پێگەی ئەمریکاشی خراپ نەکرد لە ئاست رکابەرەکاندا، چونکە ئەوە ئەمریکا بوو کە ٤٠ ساڵ دواتر توانی سەرکەوتوو بێت لە شەڕی سارددا.

*** پێتان وایە ئەم بڕیارەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە بەشێکیدا رەنگدانەوەی خواستی ئەم ئیدارەیە بێت بە دوورکەوتنەوە لە تێوەگلان لە کاروبارەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕە بێ کۆتاییەکانی ئەم ناوچەیە؟**

- ئەمە دەقاودەق راستە و ئەم بڕیارەش خۆی لە خۆیدا بۆ خۆبەدوورگرتن بوو لە شەڕی نێوان دوو هاوپەیمان، ئەمەش وەك بەشێك لە خواستێکی درێژخایەنی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لێك دەدەرێتەوە بۆ خۆبەدووگرتن لەوەی خۆی پێی دەڵێت شەڕە بێکۆتاییەکان.

*** ئایا ئەم بڕیارە کاریگەریی باشی لەسەر هێنانەئارای سەقامگیری لەم بەشەی ناوچەکەدا دەبێت ؟**

- من پێم وانییە ئەم دەرئەنجامەی لێ بکەوێتەوە، واتە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بمابایەتنەوە، ئەوا رەنگە جۆرێك لە ئاشتی بەدی بهاتایە، ئێستاش نازانم لایەنە جیاوازەکان چ کاردانەوەیەکیان دەبێت لە ئاست دۆخێکدا کە ئەمریکا رۆڵێکی کەمتری تێدا دەبینێت. ئەوەتا ئێستا کوردی سووریا هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتی دەدەن لەگەڵ رژێمی ئەسەددا و بۆی هەیە بگەنە رێککەوتنێك لەگەڵ دیمەشقدا. لەلایەکی دیکەوە پێدەچێت تورکیا خۆشحاڵ بێت بەوەی کوردی سووریا لەسەر سنوورەکانی دووربخاتەوە، کە وا دەردەکەوێت ئەمانە مەرجە بنەڕەتییەکانی ئاشتی بن لەو ناوچەیەدا. هەرچەندە بۆی هەیە ئەم دۆخەش مایەی کێشە و دژواری درێژخایەن بێت.

*** زۆر کەس بەو شێوەیە راڤەی ئەم بڕیارەی سەرۆك ترەمپ دەکەن وەك ئەوەی گۆڕەپانەکەی بۆ هێزە جیهانی و ئیقلیمییەکان جێهێشتبێت، بەتایبەتی رووسیا، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەمە تا رادەیەك راستە، چونکە ئێستا رووسیا گرنگترین هێزی دەرەکییە لە نێو سووریا لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەمە وا لێك بدرێتەوە کە دیارییەکە و پێشکەشی سەرۆك پوتین کراوە، ئەوا دۆخی سووریا زۆر لەوە ئاڵۆزتر و دژواترە کە وەك دیاری لێی بڕوانرێت. هەرچۆنێك بێت دۆخی سووریا زۆر شێواوە و پێم وانییە بتوانین دەرئەنجامێکی زۆر باشی لێ بەدەست بهێنین.

*** بەڵام لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت، یان دەبێت لە ئاست سووریادا چی بکات؟**

- پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت بوار بە هێزە مەحەلییەکان بدات خۆیان هاوسەنگیی هێز دیاری بکەن. دواتر ئێمە دەزانین کە ئەمریکا رۆڵی هەبوو لە ناسەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی ئەسەد و باوەڕی وابوو کە حکومەتێکی میانڕەو جێی ئەسەد دەگرێتەوە، بەڵام ئەمە روویندا، بەڵکو ئەوەی روویدا پارچەپارچەبوونی ئەو وڵاتە بوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی چەندین گرووپی مەترسیدار. تا دۆخی سووریا گەیشتە ئەو رادەیەی کە وڵاتێکی بەهێزی وەك ئەمریکاش دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکی سنوورداری لەو وڵاتەدا هەبێت.

*** ئەگەر پرسیار لەبارەی ستراتیژییەتی ئەم ئیدارەیەوە بکەین سەبارەت بە ئێران و ئەوەی پێی دەوترێت ئەوپەڕی فشار، ئایا ئەم ستراتیژیەتەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە هێنانەدی ئامانجەکانیدا کارا و کاریگەر بووە؟**

- نەخێر، بە باوەڕی من هەڵەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەوەدا بوو کە باوەڕی وابوو دەتوانێت کاریگەری لەسەر دۆخی ناوخۆیی ئێران دروست بکات کە لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت. بەڵام ئەوەی دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئەم هەڵمەتی ئەوپەڕی فشارەی ئەمریکا، نەبووە هۆی ئەوەی کەسانی میانڕەوی نێو ئێران رۆڵی زیاتریان هەبێت. بە پێچەوانەوە سوپای پاسداران و کەسانی دیکەی سەختگیر لەنێو ئێران بە چەشنی رابردوو جڵەوی کاروبارەکانیان بەدەستەوەیە.

*** کەواتە باوەڕت وانییە ئەم ستراتیژییەتەی ئەمریکا ببێتەهۆی ئەوەی ئێران ناچار بێت سازشی قورس بکات و بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ؟**

- نەخێر، دواتر من پێم وایە دەبێت ئێمە لەو رووداوانە بڕوانین کە لە ئێستادا لە عێراقدا روودەدەن، بە بێ ئەوەی ئەمریکا هیچ کارێکی کردبێ زۆرێك لە خەڵکی عێراق نارازین لە ئاست ئەو سیاسەتانەی حکومەتی عێراق کە لە بەرژەوەندیی ئێران گرتوونیەتەبەر، لە دەرئەنجامدا ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا لەدەست دەدات، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە بۆتە هاوپەیمانی حکومەتێك کە جەماوەر لێی نارازین، لەم رووەوە پێم وایە باشترین کارێك ئەمریکا بیکات بۆ ئیحتیواکردنی ئێران، ئەوەیە کە لە ئێستادا هیچ کارێك نەکات لە ئاست بارودۆخی عێراقدا.

*** ئایا پێت وایە هیچ رێگایەك هەبێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان.** لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە بەم زووانە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا بێتەدی.

*** کەواتە لە روانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێکرا، ئایا دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەندازەی رابردوو گرنگ نییە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بە چەشنێك ئەمریکا دەتوانێت خۆی بە دووربگرێت لە تێوەگلان لە کاروبارەکانی ئەم ناوچەیەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە بە دڵنیاییەوە وایە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان ئەوەیە کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی

**رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا دەرئەنجامێکی باشی هەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی چەک، بە باوەڕی من بڕیاری سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوە لەو رێککەوتنە هەڵە بوو**



**بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت پەیوەندییەکی بنیادنەرانە لەگەڵ ئێراندا دروست بکات؟**

- دەکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم کارە بکات، ئێمە دەزانین کە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا دەرئەنجامێکی باشی هەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی چەك، بە باوەڕی من بڕیاری سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوە لەو رێککەوتنە هەڵە بوو، هەروەها پێم وایە لە حاڵەتەکانی دیکەدا وەك شەڕی دژ بە داعش، ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە یەك سەنگەردا بوون، بە هەمان شێوە لە ئەفغانستانیشدا، کەواتە ئەم حاڵەتانە دەرفەتن

بەرژەوەندیی گەورەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتی بووە لە دەستەبەرکردنی هەناردەکردنی نەوت لە ناوچەی کەنداوەوە کە تا ئێستاش رۆیشتنی ئەم نەوتە لەو ناوچەیەوە گرنگە بۆ ئابووریی جیهان، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمتر پشت بە هاوردەکردنی نەوت دەبەستێت، بەراورد بە ٢٠ ساڵ پێش ئێستا. هۆکاری دووەم ئەوەیە کە سەرنج و تەرکیزی ئەمریکا دەگۆڕێت بۆ پرسی هەڵکشانی هێزی چین، کەواتە ئەوە راستە کە تا رادەیەك ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی کەمتری هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**باشترین کارێک ئەمریکا بیکات بۆ ئیحتیواکردنی ئێران، ئەوەیە کە لە ئێستادا هیچ کارێک لە ئاست بارودۆخی عێراقدا نەکات**



دیمانەی تایبەت

**گرێگۆری ئەفتاندیلیان**
تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# پوتین لە هەوڵێکی چڕدایە بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا






گرێگۆری ئەفتاندیلیان راوێژکار و توێژەر و وانەبێژە لە هەردوو زانکۆی بۆستن و زانکۆی ئەمریکی، هەروەها توێژەرە لە سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ماساشوسێتس-لوێڵ و توێژەری باڵایە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەنتەری سیاسەتی نەتەوەیی لە واشینگتۆن دی سی. خاوەنی ٢٣ ساڵ کارکردنە لە نێو حکومەتی ئەمریکا وەك راوێژکاری سیاسەتی دەرەوە و شرۆڤەکاری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، لێرەدا پوختەی دیمانەکە دەخەینەڕوو.

**ئەوە بڕیارێکی زۆر خراپ بوو کە ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەستبەرداری کوردی سووریا بوو و پشتی تێ کردن، بە تایبەتی کە ئەوان کاراترین هێز بوون کە بەرەنگاری داعش بوونەوە**

*** هەروەك ئاشکرایە کە بە هۆی شەڕی ناوخۆیی سووریا و دەستێوەردانی چەندین هێزی جیهانی و ئیقلمییەوە لەو شەڕەدا، دۆخی سووریا بە رادەیەکی زۆر ئاڵۆزە، بەم دواییەش سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕیارێکی مشتومڕهەڵگری لەبارەی سووریاوە دەرکرد و بواری دا تورکیا دەستێوەردان لەو وڵاتەدا بکات، ئێوە چۆن لەم بڕیارە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا ئەوە بڕیارێکی زۆر خراپ بوو کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەستبەرداری کوردی سووریا بوو و پشتی تێ کردن، بە تایبەتی کە ئەوان کاراترین هێز بوون کە بەرەنگاری داعش بوونەوە و شەڕیان لەگەڵدا کردن، هەروەها ڕێگەپێدان و هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ سەرۆك ڕەجەب تەیب ئەردۆغان تاوەکو تورکیا دەستێوەردان لە باکووری سووریا بکات، نیشانە و ئاماژە بوو بە لاوازیی ئەمریکا. هەرچەندە ئەوە راستە کە سەرەڕای کشانەوەی زۆربەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام هێزێکی دیاریکراو لە نزیك کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەی دێرەزۆر نیشتەجێ دەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە ئەمریکا دەستبەرداری کورد بوو لەو وڵاتەدا، لە کاتێکدا کورد زۆرترین قوربانی داوە لە شەڕی دژ بە داعشدا.

*** پاڵنەر و هۆکارەکانی پشت دەرکردنی ئەم بڕیارە چی بوون؟ ئایا ئەمە ئاماژەیە بە خواستێکی بەرفراوانتری ئەمریکا بۆ ئەوەی چیتر خۆی لە کاروبارەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەگلێنێت؟**

- ئاشکرایە ئەم بڕیارە ئەو راستییەی خستەڕوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاسانی دەستەبەرداری هاوپەیمانەکانی دەبێت، ئەمەش لە ئایندەدا دەرئەنجامی خراپی دەبێت لەسەر ئەگەری هاوپەیمانێتی ئەمریکا لەگەڵ هێزە خۆجێییەکاندا. دواتر دەبێت ئێمە بزانین کە ژمارەیەکی زۆر تیرۆریست هەن لە جیهاندا و ئەمریکاش ناتوانێت لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە هێز بڵاو بکاتەوە، لەم رووەوە هیچ ڕێگاچارەیەك نییە جگە لە هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە مەحەلییەکاندا.

**ژمارەیەکی زۆر تیرۆریست هەن لە جیهاندا و ئەمریکاش ناتوانێت لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە هێز بڵاو بکاتەوە، لەم رووەوە هیچ ڕێگاچارەیەک نییە جگە لە هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە مەحەلییەکاندا**

*** کەواتە دروستە ئەگەر بڵێین ئەم بڕیارە لەسەر نێوبانگی ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو لەم ناوچەیەدا کاریگەریی زیانبەخش و خراپی هەبوو؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەگەر بێت و هێزە مەحەلییەکان پێشوەختە بزانن کە ئەمریکا دەستبەرداریان دەبێت، ئەوا کەمتر هاوکاری لەگەڵدا دەکەن، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە پابەندبوونەکانی ئەمریکا جێی متمانە نین، چونکە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئەوەی پیشانداوە کە بە شێوەیەکی کتوپڕ بڕیاری دەستەبەرداربوون و جێهێشتن دەدات و ئەو کاتە خەڵکی لەسەر ئاستە مەحەلییەکە ناچار دەبن، خۆیان رووبەڕووی چارەنووسی خۆیان ببنەوە. ئەمەش پێشبینییەکی خراپ دەهێنێتەئاراوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە کۆنگرێسی ئەمریکا زۆر نارەحەت بوو لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست سووریادا.

*** بەڵام ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست نەکەوت کە پەیوەستە بە هۆکار و پاڵنەری پشت ئەم بڕیارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە، دەکرێت لەم بارەیەوە بدوێن؟**

- سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦دا ئاماژەی بەوەدا کە دەیەوێت هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکێشێتەوە و لە هەمان کاتدا باسی لەوە دەکرد کە شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا مایەی کارەسات بوو بۆ ئەمریکا، ئەمەش هاوکاری بوو بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆك ترەمپ لە وردەکاری و ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێ ناگات، چونکە راستە بۆچوونی ترەمپ لە بارەی شەڕی عێراقەوە لە زۆر رووەوە راست بوو، چونکە ژیانی ئەمریکییەکانی تێدا بووە قوربانی، بە هەمان شێوە ژیانی زۆرێك لە هاووڵاتیانی عێراقیش، دەستکەوتێکی زۆریشی بەدوادا نەهات، بەڵام شەڕی دژ بە داعش مشتومڕێکی زۆری لێ نەکەوتەوە لە نێو رای گشتیی ئەمریکا، چونکە ژمارەیەکی زۆر کەمی سەربازی ئەمریکا بوونە قوربانی، واتە راستە رای گشتیی ئەمریکا پێی وابوو کە داعش ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی توند و تیژە،

بەڵام فشارێکی زۆری لەسەر ئیدارەی ئەمریکا دروست نەکرد بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانە ئەوا من پێم وایە پاڵنەری سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئەوەیە کە دەیەوێت لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠٢٠دا بە خەڵکی ئەمریکا رابگەیەنێت کە ئەو سەرکەوتوو بووە لە کشاندنەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** لە ئێستادا زۆر باس لەوە دەکرێت کە چیتر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەندازەی رابردوو گرنگ نییە بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا و لەم روانگەیەوە ئەمریکا دەتوانێت دەستبەرداری ئەم ناوچەیە بێت و لێی بکشێتەوە، بۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- پێم وایە ئەوە دەرئەنجامێکی نەخوازراو دەبێت بۆ ئەمریکا، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانەی دیکە کە دەیانەوێت بێنە گۆڕەپانەکەوە و بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەك ناگرنەوە، بە دەربڕینێکی دیکە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گۆڕەپانی سووریا چۆڵ دەکات بۆ رووسیا و تورکیا و ئێران و، بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتانەش لەگەڵ ئامانجی هێنانەئارای دۆخێکی سەقامگیر و پڕ لە ئاشتی لە وڵاتی سووریا یەك ناگرنەوە. لەلایەکی دیکەوە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە کارێکی ئاسایی دەزانێت ئەگەر بێت و رووسیا رۆڵی گرنگ ببینێت لە سووریا، ئەمە لە کاتدا بەرژەوەندییەکانی رووسیا هەمان بەرژەوەندیی ئەمریکا نین لەو وڵاتەدا. کەواتە ئەگەر بێت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە، ئەوا ئەمە نەك هەر بە زیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە دەشکێتەوە، بەڵکو خودی گەلانی ئەم ناوچەیە زیانمەند دەبن.

*** ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم بڕیارە بریتییە لە چۆڵکردنی گۆڕەپانەکە بۆ هەندێ هێزی دیکە، بە تایبەتی رووسیا، بۆ ئەوەی بێن و بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە، ئێوە چۆن لە رۆڵی رووسیا دەڕوانن، ئایا پێتان وایە بۆتە هێزێك کە هیچ لایەنێك ناتوانێت دەستبەرداری بێت؟**

- کاتێك رووسیا دەستێوەردانی لە سووریادا کرد، ئەوا کاردانەوەیەکی نەرێنیی گەورە بەدی کرا لە نێو جیهانی عەرەبیدا دژ بەم دەستێوەردانە، چونکە لەو کاتەدا تێڕوانینەکە لە نێو جیهانی عەرەبیدا ئەوە بوو کە دەبێت ئەسەد لە دەسەڵات دوور بکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو شەرعییەتی حوکمڕانیکردنی سووریای لەدەست داوە. بەڵام لە ئێستادا و لەبەر ئەوەی بەشار ئەسەد براوەی شەڕی ناوخۆیی بووە، ئەوا پێگەی رووسیا لەم ناوچەیەدا زیادی کردووە، چونکە ئەمە دەریخست کە رووسیا دەتوانێت بەرگری لە هاوپەیمانەکانی بکات، لە ئێستاشدا کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە دووبارە سووریا بگەڕێندرێتەوە بۆ نێو جیهانی عەرەبی. کەواتە لە ئێستادا رۆڵی رووسیا لە بەرەوپێشچووندایە، ئەگەرچی دەستێوەردانەکەی لە سەرەتادا مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لەلایەکی دیکەوە رووسیا رۆڵێکی ناکۆکی هەڵگر دەبینێت لە لیبیادا بە پشتیوانیکردنی ژەنەڕاڵ حەفتەر لە دژی حکومەتەکەی تەرابلوس. بە هەمان شێوە رووسیا دەیەوێت رۆڵێکی زیاتر لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو ببینێت، بینیمان سەرۆك ڤلادمیر پوتین سەردانی عەرەبستانی سعودیە و ئەبو زەبی کرد و لەگەڵ سەرکردەکانی کەنداو کۆبووەوە.

*** دەکرێت لە دەرئەنجامی وەڵامەکەی پێشوەوە بڵێین کە لە ئێستادا رووسیا دەیەوێت هەمان رۆڵی یەکێتی سۆڤێت ببینێت لە سەروەختی شەڕی سارددا؟**

- بە تێڕوانینی من رووسیا دەیەوێت هەمان رۆڵی سەروەختی جەنگی سارد دووبارە بکاتەوە، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا ئەو دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییە لە ئارادا نییە کە لە سەروەختی جەنگی ساردda هەبوو، چونکە لە ئێستاشدا ئەمریکا و رووسیا لە ململانێدان لەم ناوچەیە و پێدەچێت سەرۆك پوتین لە هەوڵی چڕدا بێت بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتویی رووسیا لەم ناوچەیەدا.

**ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ گۆڕەپانی سووریا چۆڵ دەکات بۆ رووسیا و تورکیا و ئێران و، بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتانەش لەگەڵ ئامانجی هێنانەئارای دۆخێکی سەقامگیر و پڕ لە ئاشتی لە وڵاتی سووریا یەک ناگرنەوە**

**رووسیا دەیەوێت هەمان رۆڵی سەروەختی جەنگی سارد دووبارە بکاتەوە، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا ئەو دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییە لە ئارادا نییە کە لە سەروەختی جەنگی ساردda هەبوو**